PDF 4 KURD

پرۆژەی تیشك

# پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان

## رامان و سەرنج و پێشنیار

### مێزگردێك سەبارەت بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان

**ئامادەکردنی :**

**پرۆژەی ( تیشك )**

٢٠٠٧ زاینیی

١٤٢٨ کۆچی

PDF 4 KURD

ناوی کتێب: پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، رامان و سەرنج و پێشنیار مێزگردێك سەبارەت بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.

ئامادەکردنی: پرۆژەی (تیشك).

ژمارە سپاردن: (٤٦٦).

شوێنی چاپ: کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر.

نۆرەی چاپ: یەکەم.

ساڵی چاپ: ٢٠٠٧.

تیراژ: ٥٠٠٠ دانە.

لە بڵاوکراوەکانی: پرۆژەی (تیشك)، زنجیرە (١٥).

ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت: www.tishkbooks.com

ئیمەیلی پرۆژە: info@tishkbooks.com
tishkbooks@yahoo.com

**مافی لەچاپدانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ پرۆژەی (تیشك)**

PDF 4 KURD



## بەشداربوان و تەوەرەکان:

١. هاوژین عومەر، پێشکەشکار.

٢. دکتۆر صەباح بەرزنجی، مامۆستای زانکۆ:

مەسەلەی ئایین و عەلمانییەت لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا.

٣. سەرگوڵ قەرەداغی، مافپەروەر:

پێگەی ئافرەت لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا.

٤. بەکر حەمەصدیق، پارێزەر:

پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.

پرۆژەی تیشک

PDF 4 KURD

# پێشەکی

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە ڕەشنووسیی کەوتۆتە بەر دیدی تایبەتمەندان و ڕۆشنبیران و خەڵکی کوردستان، هەتا ئەمڕۆش ئەو پرۆژەیە کۆمەڵێك پرسیاری دژەوانەی ورووژاندووە، کە لە کۆی هەموویاندا مرۆڤ دەگاتە ئەو بڕوایەی" پرۆژەکە جارێکیتر داڕشتنەوەی دەوێت، بەتایبەتی لە دوو ڕووی سەرەکییەوە:

یەکەم: لە ڕووی دیارییکردنی دەسەڵاتەکانەوە، کە لە ناو پرۆژەکەدا دەسەڵات هاوسەنگی تێدا نییە و لە خوێندنەوەی یەکەمدا هەست دەکەیت کە ئێمە لە بەردەم پرۆژەی دەستوورێکی هەرێمی فیدراڵییدا نین. زەقترین خاڵی دەستوورییش کە سەرنجی مرۆڤ رابکێشێت، مەسەلەی دەسەڵاتەکان و سنووری هەریەکەیانە. لە ناو هەموو دەستوورێکی فیدراڵییدا سێ دەسەڵاتی سەرەکیی هەن: (دەسەڵاتی یاسادانان)، (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) و (دەسەڵاتی دادوەریی)، کە دەبێت هەریەکەیان لە یەکتری جیا بێت و باڵاترینیان وەك مۆدێلی وڵاتە ئازاد و دیموکراسییەکان، باڵابوونی دەسەڵاتی یاسادانانە، کەچی لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، دەسەڵاتێکی تری بۆ خراوەتە سەر و لە هەرسێ دەسەڵاتەکەی تر دەسەڵاتی زیاتری هەیە! ئەمە سەرباری ئەوەی داهێنانێکی سەلبی و نێگەتیڤە و وەك پرۆژەیەکی نامۆ دەکەوێتە بەرچاو، هاوکات ڕێگە خۆش دەکات بۆ بەدەستوورییکردنی مومارەسەی تاکڕەویی و دەسەڵاتی سەرۆك و، کوشتنی دەسەڵاتەکانی تر و نەهێشتنی ڕۆڵی ئەوان!

دووەم: لە رووی داڕشتنی دەستووریی و بابەت و ریزکردنی وشەکانەوە پرۆژەکە پێویستی بە داڕشتنەوەیەکی تر هەیە، پێویستە ناوەرۆکەکەی بە پێی خوێندنەوەی بابەتیانەی پێداویستییەکانی گەلی کورد دەستکاریی بکرێن، ئەگەرنا ئەم پرۆژەیە بەم داڕشتنەی ئەمێستاکەی لە بەردەم هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوە و هەموارکردندا دەبێت، بەتایبەتی کاتێك بەراوردی دەکەیت بە دەستووری عیراقی فیدراڵ، ئەوجا کاتێك دادگای فیدراڵیی دادەمەزرێت و کارا دەبێت، هەر نەیارێکی ئەم پرۆژەیە لەسەر ئاستی عیراق و هەرێمی کوردستان دەتوانێت تانووتی یاسایی لە یاساکە بدات و بە بەهانەی جۆراوجۆر داوای هەڵوەشاندنەوەی بکات. لەبەر ئەوە پێویستە پرۆژەکە زیاتر رەنگدانەوەی واقیعێکی دەستووریی باڵا بێت و وەڵامی داخوازییەکانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بێت و هۆیەك بێت بۆ سەقامگیربوونی باری یاسایی و دەستووریی لە هەرێمی کوردستاندا، نەك سەرچاوەیەك بێت بۆ نائارامیی و دڵەڕاوکێ و شڵەقانی باری سیاسیی و ئەمنی و یاسایی لە کوردستاندا..

ئەم مێزگردە بۆ خستنەڕووی هەندێ لایەنی گرنگی ئەو تێبینیانەیە، کە بەپێی راوبۆچوونی پرۆژەی (تیشك) پەسەندن و خاوەنەکانی وەك رەخنە و سەرنجی بنیاتنەر ئاڕاستەی پرۆژەی دەستوورەکەیان کردوون. ئومێدەوارین گوێیان لێبگیرێت و باری سەرنجی داڕێژەرانی پرۆژەکە بە لای خۆیدا رابکێشێت و بە هەند وەریان بگرێت.

**پرۆژەی ( تیشك )**

PDF 4 KURD



## مەسەلەی ئایین و عەلمانییەت لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا
## دکتۆر صەباح بەرزنجی

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، پێشەکی دەستخۆشیتان لێدەکەم، برایان‌و خوشکانی پرۆژەی (تیشك)، کە بەو گوڕوتینە ڕۆشنبیری‌و ژیارییەوە دەستتان پێکردووە، هیوادارم مەشخەڵێکی ڕووناك بن لە سەردەمی ڕۆشنبیریی‌و ژیاریی کوردستاندا.

بێگومان ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، یان بڵێین پرۆژەی ئەم دەستوورە ویستوویەتی بەشێوەیەك لە شێوەکان، بە ئسلوبێکی تەوافوقی باس لە مەسەلەی ئایین‌و عەلمانییەت بکات‌و دەقی لەسەر بدات، دەقەکەش لە ماددەی حەوتی ئەم دەستوورەدا خۆی دەبینێتەوە، کە دەڵێت: "ئەم دەستوورە جەخت لەسەر ناسنامەی موسڵمانەتی زۆرینەی گەلی کوردستان دەکات، بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لە سەرچاوە

PDF 4 KURD

سەرەکییەکانی یاسادانان، هەروەها تەواوی مافە ئاینییەکانی مەسیحی و یەزیدی هی دیکە لە ئازادی باوەڕو پیادەکردنی ئایین دەستەبەر دەکات".

ئەم ماددەیە قابیلی ئەوەیە زۆر قسەو باسی لەسەر بکرێ لە لایەن پسپۆڕان و شارەزایانی، هەم بواری فکری سیاسیی، هەم بواری فکری دەستووریی، هەم بواری شەرعیی.

پەیوەندیی نێوان دین و دەوڵەت بریتییە لەو باس و بابەتە گرنگ و زۆرانەی کە لە ناو زۆربەی دوانگە و شوێنە فیکرییەکانی جیهاندا، بەتایبەتی لە جیهانی ئیسلامدا باسی لێوە دەکرێ و خەڵکانێك بە ڕاست و چەپ لێی هاتوونەتە پێش. بە گشتیی ئێمە دەتوانین سێ ڕەوت دەستنیشان بکەین، کە قسەیان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە، بێگومان ئەوەی لێرەدا هەیە گوزارشت لە ڕەوتێك دەکات کە ڕەوتی تەوافوقییە، واتە دەیەوێت هاوسەنگییەك دروست بکات لە نێوان ڕەوتە ئاینییە ڕووتەکەدا لەگەڵ ئەو ڕەوتە عەلمانییەی کە بە هەموو شێوەیەك دژایەتی ئامادەبوونی شەریعەتی ئیسلام دەکات لە دەستووردا. لە ڕاستیدا ئەم جیاوازییە پەیوەندی بە پێناسەکردنی ئاینەوە هەیە، ئێستاشی لەسەر بێت" لە کۆنەوە خەڵکانێك ئاینیان پێناسە کردووەو لە پێناسەکانیاندا نەگەیشتوونەتە ئیتیفاق، بەڵام دیارە کە دەستوورێك لە وڵاتێکی ئیسلامییدا دەنووسرێ، خەڵکێکی موسڵمان دەبێت ڕەئی لەسەر بدات، ئەبێت بە تەواوەتی ڕوون بکرێتەوە کە مەبەست لە ئایین چییە؟، کە باس لە ئایین دەکرێت لە دەستووری وڵاتێکدا، یان لە هەرێمێکدا لە کوردستان، بێگومان مەبەست ئایینی ئیسلامە، نەك زاراوەی ئایین، ئایینی ڕەواو ئایینی ناڕەوامان هەیە، ئایینی ئاسمانیمان هەیەو ئایینی دستکردی مرۆڤکردمان هەیە، ئاینمان هەیە کە سەرچاوەکانی بە پاکی ماونەتەوە، وەك ئاینی ئیسلام، ئایینی تریشمان هەیە کە سەرچاوەکانی، بە شایەتیی مێژوو دەستکاری کراون، جا

PDF 4 KURD

بۆیە ئەو ئیختیلافە فیکرییەی لە سەر پێناسەی ئایین هەیەو دروست بووەو لەم ماوەیەدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە لە واقیعی کوردستاندا ئێستاش خەڵکانێکی زۆر بۆچوون‌و وێنایەکی دروستیان لەسەر ئایین نییە، ئەگەر بۆچوونێکی دروست لەسەر ئایین هەبێ ئەمە خراوەتە پاڵ ئەحزابی ئیسلامیی، خەڵکانێك ئیش لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەحزابی ئیسلامیی تەمسیلی ئیسلام ناکەن، بۆچی؟ چونکە دەڵێن ئەمە ئەغرازێکی سیاسیی لە پشتە، بەڵام ئێمە بە شێوەیەك کە بڕۆینە مەیدانەوەو قسە لەسەر مەسەلەکە بکەین، ئێمە بێین بزانین شەریعەتی ئیسلام هیچ کەموکورتییەکی لە بواری یاساو تەشریعدا هەیە؟! یاخود ئایا ئاینێکە هیچ گرنگییەکی نەداوە بە بابەتە هەنووکەییەکان، یان بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، یان بابەتە سیاسییەکان؟! لێرەدا لەبەر ئەوەی ماددەی (٧) ماددەیەکی تەوفیقییە، نە بە تەواوی ئیسلامخوازان پێی ڕازین، نە ئەوانەی ڕەوتی عەلمانیی‌و سیکۆلاریان هەیە قەناعەتیان بە ماددەکە هەیە، لەلایەکەوە ئیسلامییەکان، ئەوانەی ئیسلامخوازن پێیانوایە ئەم ماددەیە زۆر کەمتر لەوەی کە حەقی شەریعەتی ئیسلامە زەمانەتی کردووە، لە لایەکی تریشەوە عەلمانییەکان پێیانوایە ئەم ماددەیە ئیمتیازێکە دراوە بە ڕەوتی ئیسلامیی‌و ڕەنگە موجامەلەیەکی تەیاری عامی عێراق بێت کە تەیارێکی گشتیی ئیسلامییە، بەڵام من وەکو کەسێك کە خوێندنەوەم بۆ ئیسلام، خوێندنەوەیەکی ئەکادیمی، یاخود خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانەیە، پێموایە کە دەوڵەتی ئەمڕۆ چ لە کوردستاندا بێ، چ لە هەر شوێنێکی تردا، ئەگەر بیەوێ دەستوور دابنێت، ئەبێ ئیسلام بکات بە یەکەمین سەرچاوە بۆ خۆی، بۆچی؟ چونکە لە ڕاستیدا لە هیچ بوارێ لە بوارەکانی ژیاندا، لە هیچ لایەنێ لە لایەنەکانی تەشریعدا کورتی نەهێناوە، یاساکانی قانونی مەدەنیی عێراق نەیتوانیوە لە ژێر هەیمەنەی فیقهی ئیسلامیی دەربچێ، تەنها نموونەیەکمان

هەبێ لە ژێر هەیمەنەی فیقهی ئیسلامیی دەرچووبێ یاساکانی عقوباتە، کە ئەویش پڕە لە کەموکوڕی، بە هۆی ئەوەی لە فیقهی ئیسلامیی دەرچووە.

لە ڕاستیدا ئەوەی لەم دەستوورەدا هاتووە، ئەو مەبادیئە گشتییانەیە کە دەستوور داوای ئەکات، ئەو ژیانەی کە دەبێ ئێمە بۆ داهاتووی کوردستان دابینی بکەین لە ڕاستیدا هیچ ئیجاب ناکات کەوا شەریعەتی ئیسلامی پەراوێز بخرێت، بەو شێوەیە بوترێ: (بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسادانان). جارێ مەبەست لە بنەماکان چییە؟ بۆ نەڵێین شەریعەتی ئیسلام بۆ خۆی؟ کە ئەڵێن بنەماکان، قابیلی تەفسیرو تەئویلە، چونکە لە ڕاستیدا نابێ ماددەی دەستووریی شاراوەیی (غموزی) تێدا بێت، ئایا مەبەستت عەدالەتە، یا مەبەستت ئەو مەفاهیمە گشتییە ئینسانییانەیە، کە ئەمە تایبەت نییە بە شەریعەتی ئیسلامەوە، بۆت هەیە زۆرشت لەو ئەحکامانەی کە دژ بە شەریعەتی ئیسلامن بە ناوی ئەو بنەمایانەوە بیانهێنیتە ناو دەستوور، بیانهێنیتە ناو قەوانینو تەعلیماتی وڵاتەوە، کەواتە ئەبێ بوترێ (شەریعەتی ئیسلام) کە بریتییە لە دەقەکانی کیتابو سوننە، لە ئیجماعی عولەما، هەروەها مەزاهیبی فیقهی ئیسلامیی مودەووەن، فەتوای زانایانی موسڵمانی ڕەسەن، ئەبێ ئەمانە سەرچاوەبن، سەرچاوەیەکی سەرەکی بن، تەنانەت سەرچاوەکانی تر ئەگەر ئێمە بیانهێنین هەرچی بریتییە لە عورفو لە قەواعیدی عەدالەو نصوصی تەشریع، لە ڕاستیدا ئەبێ لە ژێر ڕۆشنایی ئەمانەدا بن، نەك لەبەر ئەوەی کە من موسڵمانمو ئینتیمام بۆ فیکری ئیسلامیی هەیە ئەوە ئەڵێم، ئەو کەسەی کە مونتەمییش نییە بۆ فیکری ئیسلامیی با بێ لە ڕووی دراسەوە قسە بکات، بزانی لە کوێدا حوکمێك هەیە ڕیعایەتی مافی مرۆڤی تیا نەکرابێت، چونکە ئەم شەریعەتە لە ڕاستیدا شەریعەتێکی مرۆڤکردی دەستکرد نییە کە بەکار بێت بۆ زەمانێكو بە کار نەیەت بۆ زەمانێکی تر، بۆ کۆمەڵگایەك

PDF 4 KURD

بەکار بێت و بۆ کۆمەڵگایەکی تر نەبێت، ئەمێنێتەوە سەر ئەوەی ڕەنگە ئێمە لە ناو توراسی ئیسلامییدا، لە فیقهی ئیسلامیی و مەزاهیبی ئیسلامییدا هەندێ ئەحکامی تایبەتی ببینین کە لە ژێر کاریگەریی شوێن و کاتی تایبەتدا دەرکرابن، ئێستا ڕەنگە بارودۆخ گونجاو نەبێ بۆ جێبەجێکردنیان، یان مەوزوعییەتی نەمابێ لە واقیعدا، ئەمە قابیلی ئەوەیە ئیجتیهادێکی تازە بێت، هەر بە ئیجتیهادێکی تازە ئەتوانین واز لەو ئیجتیهادانە بهێنین، ئەگینا کەمن سەیری ئەم دەستوورە دەکەم، شتێکی تیا نییە کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە فیقهی ئیسلامییدا چارەسەر نەکرابێت.

یان باسی ئایینەکان ئەکرێت، گەر بێینە سەر ئازادیی ئاینەکان بۆ ئەڵێیت "تەواوی مافە ئاینییەکانی مەسیحی و یەزیدی و.. هتد"، یان ئەبێ ناوی هیچ دینێك نەڵێی، بە شێوەیەکی گشتیی بیڵێی، ئەبێ بڵێی مافی هەموو ئاینزاو ئاینەکانی تر پارێزراون، یان ئەبێ بە تەواوی ئیستیعابی هەموو ئەو ئاین و ئاینزایانە بکەی کە لە کوردستاندا هەن. لەوە زیاتریش شەریعەتی ئیسلامیی مافی ئەوەی داوە پێیان تایبەتمەندیی خۆیان بپارێزن، ئەدەبیات و بیرو باوەڕی خۆیان بخوێنن، بەڵام تەماشا دەکەی ماددەکە کەموکورە، لەم ماددەیەدا پەلەپەلێك دەبینم، نەفەسێکی تەوفیقیی ئەبینم بەرانبەر بە شەریعەتی ئیسلامیی، کاتێکیش خۆی پاراستووە لەوەی کە بڵێ ئاینی ڕەسمیی هەرێمی کوردستان ئیسلامە، هاتووە وتوویەتی: جەخت دەکات لەسەر ناسنامەی موسڵمانێتیی، تەنانەت ناڵێ زەمانەتی دەکات. دەڵێ: "جەخت ئەکات"، ئەگەر بە تێپەڕبوونی زەمەن هەوڵدرا بۆ گۆڕینی حاڵەتی ئیعتیقادیی، ئەوا ئەم دەستوورە هیچ ڕێگرییەك ناکات لە بەرامبەر ئەوانەوە، بەڵام ئەگەر سەیری دەستووری عێراق بکەین" ئەو ماددەیەی پەیوەندی بە دین و دەوڵەتەوە هەیە، لەم ماددەیە مۆفەق ترە، چونکە دەڵێ: "دینی ڕەسمی وڵات بریتییە لە ئیسلام"، ئینجا دەڵێ:

"شەریعەتی ئیسلامیی یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانو نابێت هیچ یاسایەك دەربچێ دژ بێت بەرامبەر نەگۆڕەکانی ئیسلام"، ئەم پەیوەندییە لە نێوان دینو دەوڵەتدا پێویستە خەڵکی لیٚ هۆشیار بکرێتەوە، کاتێك کە پێناسە بۆ دین دەکرێت، واز لە پێناسەی کۆمەڵناسەکان بهێنین، چونکە ئەمانە بە عەقڵێکی کورتبینەوە هاتوون پێناسەی دینیان کردووە، چونکە وایان زانیوە هەموو دینێك بریتییە لە ئاینی مەسیح، یان زۆر غەدرە ئێمە بێین ئاینی ئیسلام بەراورد بکەین بە ئایینی مەسیحی، کە ئەسڵەن تەشریعاتی تێدا نییە، یان بەراوردی بکەین بە ئایینی بووزی، کە کۆمەڵێك ئامۆژگاریی ئەخلاقییە، لە کاتێکدا ئیسلام بۆ خۆی نیزامێکی کامڵە (شریعة متكاملة)، غەدری لیٚ ئەکەین، وەکو ئەوە وایە ئێمە بێین تیۆرەی نیسبی لە دوو دێڕدا کۆبکەینەوەو ببرێت لە پۆلی چواری سەرەتایی بخوێنرێت، لێرەدا غەدرێکی گەورە لە ئیسلام کراوە، کە نەوتراوە ئاینی ئیسلام ئاینی ڕەسمییە. کە من دەڵێم دەبێت دینی ڕەسمی بێت، خەڵکانێك دەپرسن بۆ؟ ئەمە ئەنانیەتو عونصوریەتە، ئەی بۆ ئێوە موسڵمان نین؟، خۆ ئێمە لە کۆمەڵگایەکی غەیرە موسڵماندا نین، کۆمەڵگایەك کە باوو باپیرانمان ئیسلام بۆتە بەشێك لە شوناسیان، بۆتە بەشێك لە پێکهاتەیان، بۆیە من پێشنیاز دەکەم ئەم ماددەیە دووبارە دابڕێژرێتەوە و ببێت بە چەند بڕگەیەك:

١. ئایینی ئیسلام ئایینی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە.

٢. هەموو ئایینو ئاینزایەك مافی تەواوەتی خۆی هەیە، لە ڕووی پەرستنو ئیعتیقاداتو باری کەسێتی و خوێندنی بەرنامە.

٣. نابێت هیچ یاسایەك دەربچێت دژ بە سەوابیتی ئیسلام بێت.

٤. ڕێگا نادرێت بە هیچ دەمارگیرییەکی مەزهەبیی، بۆ ئەوەی گیانی لێبوردەیی زاڵ بێت بە سەر کۆمەڵگادا.

PDF 4 KURD

## راوبۆچوونی ئامادەبوان لەسەر وتەکە:

### بەکر حەمە صدیق:

من تێبینییەکەم لەسەر بۆچوونەکانی کاك دکتۆر هەیە، دکتۆر چووە سەر خاڵە سەرەکییەکان، بەس پێویستە خاڵێکی تر باس بکرێت، بە ئیزافەی خاڵەکانی کاك دکتۆر، ئەم ماددەیە لە بەشی یەکەمیدا باس لە پێناسی زۆرینەی ئیسلامیی دەکات، واتە بەشی زۆری خەڵکی کوردستان، بەڵام بەشی دووەمی ئەو پەرەگرافە تەواو پێچەوانەی بەشی یەکەمە، کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان هەویەی ئیسلامیی هەیە، دەبێت ئایینی ئیسلام خاوەنی سەرچاوەی یەکەمی سەرەکیی دەسەڵاتەکان بێت، ئەمە حاڵەتێکی سروشتییە، لە نیزامی پەرلەمانییدا زۆرینە بڕیار دەردەکات، تەشریعاتی تازە دەردەکات، زۆرینە حکومەت پێکدەهێنێ، زۆرینە بڕیاری دەرەکیی دیاری دەکات، زۆرینە لە هەندێ وڵاتی دنیادا تەشریع دەگۆڕێ، ئێستا ئەم دەستوورە بڕیاردەدات کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان پێناسی ئیسلامییە، بەڵام ڕێگەی نادات خاوەنی ئەو زۆرینەیە خاوەنی دەسەڵاتی سەرەکیی بێت لە تەشریعەکەدا، یان دەبێ ئەم دەقە بلدۆزەرێکی لێبدەیت و لەسەر نەخشە نەیهێڵیت، یان دەبێ بەشی یەکەمی پەرەگرافەکە چاك بکەیت، یان بەشی دووەم.

بە بڕوای من چاککردنەکە ئەو تەوفیقەیە کە کاك دکتۆر باسی لێوە کرد، بە خستنە سەری ئەوەی هێشتنەوەی شوناس و پێناسی ئیسلامیی گرنگە بە نیسبەت گەلانی موسڵمانی عێراقەوە، باس لە هەیکەلی دەوڵەت دەکەین، کە هەویەکەی چ ئینتیمایەکی هەیە، من پێم قبوڵە ئەو پەیکەرەی دائەنرێ پەیکەرێکی ئیسلامیی نەبێت، بەڵام بە مەرجێ پەیکەرێکی عەلمانییش نەبێت، پەیکەرێکی بێلایەن بێت، من چۆن هەلی ئیشکردنم هەبێت لە ناو ئەو

دەوڵەتەدا، کەسانێکی تریش هەلی ئیشکردنیان هەبێت‌و بتوانن ئەو دەزگایە بەکاربهێنن لە پێناو خزمەتکردن بە هاووڵاتیان لە ناو نیشتمانێکی ئازاددا، وەکو چۆن ئێستا لە ناو گەلانی ئەورووپاو ئەمریکاو شوێنانی تردا هەیە.

لە ڕووی عەمەلییەوە" ئەو کەسەی ئەم دەستوورەی داناوە سەرباری ئەوەی کە کەسێکی یاساییە، ئەوە کوفرێکی یاسایی گەورەیە ئەو یاساناسە کردوویەتی، ئەوەی ئەم یاسایەی نووسیوە خۆی یاساناسە، دەرچووی یاسایەو دکتۆرای هەیە لە یاساداو زۆر خەبیرە، بۆیە من پێم سەیرە کە ئەو بازی داوە بە سەر ئەو مەسەلە گەورەیەدا، کە بێئاگایە لەوەی یاساکانی عێراقیی یاسای ئیسلامیین، لە ساڵی ١٩٨٦ هەموو یاساناسەکانی عێراق، بە سوارچاکانی بواری یاسای مەدەنیشەوە لە ناویاندا دکتۆر موستەفا زەڵمی کە سوارچاکێکی گەورەی بواری دنیای یاسای مەدەنییە لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامیی، نەك هەر لەسەر ئاستی کوردستان، پڕۆژەکەی وەستاندو وتی: "ئێوە دەستکاری چی دەکەن؟!"، ئەو دەقە (٧) ساڵە هەموو پرۆفیسۆرەکانی عێراق ژان گرتوونی تا توانیویانە ئەو دەقە دابڕێژن، ئێوە بە کێ ئەم دەقە دەستکاری دەکەن؟، پرۆژەی ساڵی ١٩٨٦ تەنها بۆ یاسای شارستانی وەستاو نەیانتوانی بیگۆڕن، ئێستا بەکێ دەستکاری دەکەی؟ من ڕۆژنامەنووسم" بە ڕۆژنامەنووس دەستکاری دەکەیت؟! یان بە ڕێکخراوەکانی ژنان‌و پیشەیی‌و کرێکاران دەستکاری ئەو دەقە دەکەیت؟! ئەوە کلتوورێکە (١٤٠٠) ساڵە لەم وڵاتەدا کار دەکات، بۆتە دەق‌و نەگۆڕ لە ناو یاساکانی عێراقییدا، کە تۆ دەستکاری دەکەیت، چی دەهێنینە شوێنی؟!

خاڵێکی تر هەر لە خودی سیستمی فیقهی ئیسلامییدا، کۆمەڵێك شت بەرهەمهێنراون کە ڕێك بارتەقای ئەو حاڵەتە دەکەن، واتە ئێستا ئەگەر دەوڵەتێك ناوی دەوڵەتی ئیسلامیی بێت‌و حوکم بکات، دەبێت بڵێت

سەرچاوەی یەکەم: شەریعەتی ئیسلامیی، دووەم: عورف، سێیەم: قیاس، چوارەم چی؟، ئەمانە کۆمەڵێك دەرهاویشتەی عەقڵین، کە عەقڵی فیکری ئیسلامیی لە مەودای مێژوودا بەرهەمی هێناون. لەبەر ئەوە من پێمواپە ئەم بەندە، ئەو عەقڵە میانڕەوە عاقڵە ڕۆشنبیرە کراوەیە کە لە ناو ئیسلامدا کاردەکات لە ئیش دەخات، سەرباری ئەوە تۆ هانی حاڵەتی تەشەنوجێکی ئیسلامیی دەدەیت، لە کاتێکدا کەوا ڕای زۆرینەی ئەو خەڵکە کە پێناسی ئیسلامیی هەیە، نەهی لیٚ دەکەیت، حەق بەم نادەیت، ئەی حەق بەکیٚ دەدەیت بێتە سەرو ئەمەوە؟ ئەی نابێ سیادە بۆ کەسێك بێت، سیادە بۆ ئاینێك بێت، سیادە بۆ تەشریعێك هەبێت؟، لە کاتێکدا کلتووری ئیسلامیی تێرو پڕە لە ڕووی تەشریعییەوە، خاوەنی بەرهەمێکی فیکریی زۆر گەورەیە، کۆتایی ئەم تێبینییەم بە قسەیەکی (عەبدوڕڕەزاق سەنهووری) دێنم، کە لە سەرەتای کتێبی (مصادر الحق في الفقه الاسلامي)دا دەڵیٚ: "گەورەیی و مەزنێتیی فیقهی ئیسلامیی لەوەدایە لە فیقهی غەربیی ناچێت، لە خۆی دەچێت، هەرکاتێك بتەویٚ فیقهی ئیسلامیی بچوێنی بە فیقهێکی تر، فەزیلە نادەیت بە فیقهی ئیسلامیی، فیقهی ئیسلامیی بچووك دەکەیتەوە، چونکە جوانیی فیقهی ئیسلامیی لەوەدایە کە لە خۆیو لە مێژووی خۆیو لە پێکهاتنی خۆیو لە تایبەتمەندییەکانی خۆی دەچێت". ئەمە کەسێك ئەم قسەیەی کردووە کە خۆی یەکێکە لە دانەرەکانی یاسای مەدەنی لە عێراقدا، یاسای لوبنانیو کوەیتیو میصریو سوریو زۆربەی یاساکانی دەوڵەتانی عەرەبیو ئیسلامیی ئەم پیاوە دای ناون، باشە کیٚ تەحەددای ئەو پیاوە گەورەیە دەکات؟ ئاخر تۆ ئەبێت نموونە بهێنیت، لە ڕووی عەمەلییەوە لە بەردەم دنیایەکی ڕەقو تەقو ماددەیەکی زۆر گەوەردا دەوەستیت کە پێی دەوتریٚ ماددەی عەقڵی ئیسلامیی کە ئینتاجی ئەو ڕۆشنبیرییە یاساییە گەورەیەی کردووە، تۆ بچی تەحەددای ئەمە بکەیت، تەحەددا کردنی ئاسان

نییە، واقعێکەو دەبێت تەعامولی لەگەڵدا بکەیت، دەبێت قسە لەسەر ئەوە بکەیت کە عەقڵی ئیسلامیی بێتە پێشەوەو شتێکی تازە بڵێو بگونجێ لەگەڵ ئەو واقیعەداو لەگەڵ ئیجیهادی تازەدا.

**سەرگوڵ قەرەداغی:**

**ماددەی حەوت تەئکید دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ناسنامەی گەلی کورد موسڵمانەتییە، ئەمە خۆی لە خۆیدا دانپێدانانی ئەو ڕاستییەیە کە زۆرینەی گەلی کورد موسڵمانە، دواتر دەڵێ ئاینی ئیسلام یەکێکە لە سەرچاوەکانی تەشریع، من دەپرسم ئەی سەرچاوەکانی تری تەشریع کامانەن؟ بەبێئەوەی سەرچاوەکانی تر ئاماژە پێبدا، بۆ ئەوەی بزانین ئەو سەرچاوانەی دەخرێنە پاڵ ئیسلام کامانەن‌و چین؟ منیش پێشنیاز دەکەم برگەیەك بۆ ئەم ماددەیە دابنرێ، کە بڵێ: (نابێ هیچ یاسایەك دەربچێ دژی نەگۆڕەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بێت). بە ڕای من زیادکردنی ئەم برگەیە ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە کە لە ماددەکەدا هەیە، چونکە بەبێ بوونی ئەم برگەیە دەتوانرێ یاسایەك دابنرێ کە زۆرینەی گەلی کورد پێی ڕازی نەبێت‌و پێچەوانەی نەگۆڕەکانی ئایینی ئیسلام بێت.**

**هاوژین عومەر:**

**+ کە ئەم دەستوورە دەخوێنیتەوە، دەبینیت تیایدا هەستی تەوافوق و داشکاندنەوە بە لای عەلمانییەتدا زاڵە. ئایا دەتوانین بڵێین بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان کە ئەم دەستوورەی تێدا نووسراوە، مەبەستم بارودۆخی سیاسییە، ئەو ئەقلیەتەی ئێستا کاری سیاسیی دەکات، ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر ساحەی کوردستان ئەگوزەرێ، بارودۆخێکی گونجاوە بۆ ئەوەی بابەتێکی چارەنووسسازی وەك دەستووری تێدا بنووسرێت؟**

+ له مادده‌ی (٦٧)دا" كه باس له ئازادیی كاری سیاسییو ڕۆشنبیریی ده‌كات، هاتووه: "هیچ ده‌سته‌و تاقمو گرووپێك بۆی نییه دین به‌كار بهێنێت بۆ مه‌به‌ستی تایبه‌تیی خۆی، یان بۆ لێدانی به‌رامبه‌ره‌كه‌ی". ئایا له‌م به‌نده‌وه ئه‌وه ناخوێنرێته‌وه كه لایه‌نه زاڵبووه‌كان به سه‌ر داڕشتنی ئه‌م ده‌ستووره‌دا، ئه‌یانه‌وێت سه‌رتاپای كۆمه‌ڵگه‌ی كوردیی دابڕِن له ئیسلام، یان عه‌لمانییه‌تێكی گشتگیر (العلمانية الشاملة) په‌یڕه‌و بكه‌ن، جیا له‌و عه‌لمانییه‌ته جوزئییه‌ی جاران په‌یڕه‌و ده‌كرا و به ته‌نها بریتی بوو له دوورخستنه‌وه‌ی دین له ده‌سه‌ڵات و كایه‌ی حوكم؟

**دكتۆر صه‌باح به‌رزنجی:**

بێگومان ئه‌م ده‌ستووره له كاتێكدا نووسراوه كه بارودۆخێكی ئاسایی له كوردستاندا به‌رقه‌رار نییه، چ له ڕووی سیاسییه‌وه، چ له ڕووی كۆمه‌لایه‌تییه‌وه، ده‌بێت ئاماژه به‌وه بكه‌ین كه ده‌ستوور گرنگه بۆ هه‌رێمی كوردستان، به‌ڵام ئه‌و كه‌سانه‌ی كه هه‌ڵده‌ستن به دانانی ئه‌م ده‌ستووره، ئه‌بێت كه‌سانێك بن پسپۆڕ بن له بواره جیاجیاكانی كاریگه‌ر له داڕشتنی ده‌ستووردا، له سه‌روو هه‌موویانه‌وه بواری یاسا، نه‌ك ته‌نها یه‌ك دوو یاساناس، یا پسپۆڕێكی سیاسیی، یا چه‌ند كادرێكی حزبیی، كه ئێستا له كوردستاندا دوو حزب قسه‌ی یه‌كه‌م ده‌كه‌ن له‌سه‌ر شته‌كان، ئه‌و دوو حزبه به ته‌واوی واتا عه‌لمانین، ته‌نانه‌ت پێیان وایه (یان وا حاڵی بوون)، كه ئه‌گه‌ر كوردستان به‌ره‌و عه‌لمانییه‌ت به‌رن، ڕه‌نگه بارودۆخی نێوده‌وڵه‌تیی ئاماده‌بێت بۆ ئه‌وه‌ی ده‌وڵه‌تی كوردیی دابمه‌زرێنن، به ڕاستی ئه‌و بیركردنه‌وه‌یه هه‌یه، له لایه‌كی تریشه‌وه حزبه ده‌سه‌لاتداره‌كان نایشارنه‌وه كه ده‌یانه‌وێت كۆمه‌ڵگای كوردیی ئاڕاسته بكه‌ن له‌سه‌ر بنچینه‌ی عه‌لمانیی، له كاتێكدا ئه‌م ده‌ستووره نووسراوه هه‌ژموونێكی جیهانیی هه‌یه به‌رانبه‌ر به



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

ئیسلام، له ڕاستیدا زۆربەی ئەو کەسانەی (ڕەنگە موسڵمانەکانیش) کە قسە دەکەن لەسەر مەسەلەکان بە حاڵەتێکی هەڵچوونەوە قسە بکەن، لە حاڵەتی کاریگەرییدا نین، بەڵکو ئەوەی کە زیاتر دێت و ئەیەوێت هەویەیەکی عەلمانیی بداتە کۆمەڵگای کوردیی، یان بە دەستووری کوردستان، تەنانەت پەروەردەو فێرکردنیش، بەرەو ڕەوتێکی عەلمانیی ببات" زیاتر کەسانێکن مەترسییان هەیە لە ڕەوتی ئیسلامیی، ڕەنگە ڕەوتە ئیسلامییەکەش بە حاڵەتێکی ئینفیعالییەوە هەبێ، بۆیە ئەم دەستوورە وێڕای هەندێ خاڵی ئیجابی کە تیایەتی، بەڵام سەبارەت بە دین زۆر بێبەزەییە، ئەوەش کە دانراوە، کەمترین شتێکە کە ڕەنگە بتوانین لێی هەڵکرێنین بۆ مەسەلەی دین، بۆیە داوایان لێدەکەین، لەو کەسانەی هەڵدەستن بەم کارە و پێیان دەڵێین دین ئەو دەعبا عەجایبە ترسناکە نییە، بەڵکو دین ئەو جیهانە فراوانە ئەرخەوانییە پرتەقاڵییەیە کە لە دەقەکانی قورئانو فەرموودەدا، ئەوەی کە مەبادیئی ئاشتیو ئاشتەواییو خۆشەویستیو لێبوردەییو پێشکەوتنی ژیانە وجودی هەیە.

کەواتە ئەگەر شەریعەتی ئیسلام فیعلەن سەرچاوەبێ، سەرچاوەی یەکەمیش بێ، ڕەنگە ئێمە بۆ تەوفیقی ئاسایشی نەتەوەییشمان زیاتر سەرکەوتووبین، منیش لەگەڵ ئەوەدام لە ململانێی سیاسیدا پەنا نەبرێتە بەر تەکفیر، بەڕاستی دین نەکرێت بە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەو مەعنایە، بەڵکو دین ئامرازێك بێت بۆ ڕاستکردنەوەی دەسەڵات، تەنانەت ئێمە لە مێژووی ئیسلامدا زانایان دەبینین، گەورەکانمان دەبینین زۆر زاهیدبوون لە مەسەلەی دەسەڵاتپەیداکردندا، ئەوان ویستوویانە حاکم بن بە سەر خەلیفە و دەسەڵاتدارەکاندا، خەلیفەو دەسەڵاتدارەکانیش حاکم بن بە سەر خەڵکیدا، ئێمە زۆر موجامەلەی خۆرئاوامان کرد لە مەسەلەی عەلمانییەتدا، بەڵام عەلمانییەت بە نیسبەت ئێمەو خۆرئاواوە من تەشبیهی

ئەکەم بەو فێڵە کە ڕاوچییەکانی مەیمون لە ناوچەکانی ئەفەریقای ناوەڕاستدا دەیکەن، ئەوەی بیەوێت مەیمونێك ڕاو بکات ئەچێت تەشتێك زەمق لە بەردەم ڕێی مەیمونەکەدا دادەنیٚ، لەمبەریشەوە خۆی تەشتێك ئاوی داناوە، کە مەیمونەکە دەرکەوت کابرای ڕاوچی تەشتە ئاوەکە دەکات بە سەر خۆیدا، مەیمونەکەش سیفەتی لاساییکردنەوەی هەیە، تەشتە زەمقەکە ئەکات بە سەری خۆیدا، دوایی هەموو گیانی ئەلکیٚ بە یەکداو بە ئاسانی ڕاوچییەکە ڕاوی دەکات.

لە ڕاستیدا مەسەلەی عەلمانییەت لە لای خۆرئاوا بۆتە تەشتە ئاوەکە، بەلاٚم بۆ ئێمە دەبێتە تەشتە زەمقەکە، عەلمانییەت هەندێك لە کێشەکانی ڕۆژئاوای چارەسەر کرد، بەلاٚم هەرگیز ناتوانیٚ لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەدا کە ئیسلامیی تێدا بلاٚوبۆتەوە بە سوود بێت.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD



# پێگەی ئافرەت لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا

## سەرگوڵ قەرەداغی

بێگومان بوونی دەستوور لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پێویستییەکی بنەڕەتی و حەتمییە بۆ ڕێکخستنی ژیانی هەمەلایەنەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە، چونکە دەستوور یاسای بەڕێوەبردنی وڵاتە، دەستووریش کە لە لای یاساناسان باس دەکرێت، لە سەرەوەی هەرەمەکەدایە، بۆ نموونە" ئێمە هەرەمێکمان هەیە سەرجەم یاساکانی تیایە، دەستوور لە سەرەوەی هەرەمەکەدایەو یاساکانیش لە بەشی خوارەوەیدان، کەواتە یاساکانی تر سەرچاوەکەیان لە دەستوورەوەیە. دوای ماوەیەکی زۆر لە حوکمڕانیی کوردیی لەم هەرێمەدا، کە نزیکەی (١٥) ساڵە هەبووە، بۆشاییەکی یاسایی بەدی ئەکرا، ئەوەش نەبوونی دەستوور بوو، بێگومان دانانی ئەم دەستوورە دەبێتە هۆی

PDF 4 KURD

پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، بە هیوای ئەوەی کە هەنگاوی جددی بنرێ بۆ بەعەمەلیکردنی.

بێگومان باسکردنی ئافرەت بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ناو دەستوورەکاندا، زۆربەی بۆچوونەکان لەگەڵیدا نین، بە جیاکردنەوەی دائەنێن، چونکە دەستوور کە خۆی باسی هاووڵاتیبوون دەکات، بێگومان چەمکی هاووڵاتیی هەردوو لایەنی نێرو مێ دەگرێتەوە، کەواتە لە هەر ماددەیەکدا باسی هاووڵاتیی کرا، کە هەر مافێکی هەبێ، ئەوە بۆ هەردوولایە، کەواتە بەڕای زۆربەی شارەزایان پێویست ناکات ماددەیەکی جیاواز تەرخان بکرێت بۆ مافی ئافرەت و جیابکرێتەوە لە دەستووردا. دەقی ماددەی (١٨) دەڵێت: "هاووڵاتیان لە ئاستی یاسادا لە ئەرك‌و مافدا یەکسانن، جیاوازی لە نێوانیاندا بە هۆی نێرو مێ‌و شتی دیکەوە ناکرێ". کەواتە کە وتت هاووڵاتیان، بێگومان هەردوو ڕەگەزەکە دەگرێتەوە، لە ماف‌و ئەرکدا، هەردوولایان یەکسانن و جیاوازییان لە نێواندا ناکرێ، ئەوەی کە ئاشکرایە لای هەموان، لە مێژووی هاوچەرخیشدا ئەو دروشمانەی کە هەن، بۆ یەکسانکردنی هەردوو ڕەگەزن.

ئەگەر باسی مێژوویەکی نزیکیش بکەین کە شۆڕشی فەرەنسایە و ئێستاش هەموو دروشم‌و داواکارییەکانی یەکێکە لە دروشمە هەرە سەرەکییەکانی زۆربەی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان، لە یەکەم دەقیدا کە بڵاوی کردەوە بۆ چەمکی هاووڵاتییبوون، تەنها پیاوی باس کرد، ژنان لە مافی هاووڵاتیبوون بێبەش بوون، لەو کات‌و لەو ڕۆژەوە کە ئەو ئەنجومەنە لە فەرەنسا دروست بوو، بە ڕاشکاوی وتبووی: "هەموو پیاوان بە ئازادی لەدایك دەبن، لە مافەکانیشدا یەکسانن"، لەو کاتەوە بوو کە بزووتنەوەی ژنان دروست بوو، یەکەم داواکاریی ئەو بزووتنەوەیە گەڕانەوەی مافی هاووڵاتییبوون بوو بۆ ژن، بەردەوام بوون لەسەر ئەو داواکارییەی خۆیان تا

PDF 4 KURD

له ساڵی ١٩٤٥ مافی دەنگدانیان بۆ دەستەبەرکرا، واتە لە سەدەی بیستەمدا ئەو مافەیان پێدرا. نەك لە فەرەنسا، بەڵکو لە مێژووی زۆرێك لە وڵاتانی جیهاندا ژنان لە مافی هاووڵاتییبوون بێبەش بوون، بۆ نموونە" دەستووری پورتوگال دەقێکی تێدابوو: "هەموو مرۆڤەکان لە بەردەم یاسادا یەکسانن، جگە لە ژنان"، ژنان لە هەوڵی گۆڕینی ئەو دەقەدا بوون، تا سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٧٥ توانییان ئەو دەقەی دەستوورەکەیان بگۆڕن، ئەمە خۆی مێژوویەکی نزیکە. بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا زۆربەی تۆمەتەکان ئاڕاستەی ئیسلام دەکرێت، کە گوایە ئیسلام ئافرەتی بە پلەدوو داناوە، هیچ حسابێکی بۆ نەکردووە، بەڵام سەیر دەکەین ئیسلام زۆر لەمێژە مافی هاووڵاتییبوونی (بە زاراوە تازەکەی ئێستا) داوەتە ئافرەتان، بە ڕاستی ئیسلام بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ ئافرەت دەکات، نەك لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە، بەڵکو لە سەر بنەمای مرۆڤبوون تەماشای ئافرەت دەکات، واتە هەر مافێك بۆ ئینسان بشێ، ئافرەت لێی بێبەش نییە، کەواتە ئەو مافەی ژنان لە فەرەنسا لە ساڵانی حەفتاکان بە دەستیان هێنا بۆ دەنگدان، لە ئاینی ئیسلامدا ئافرەت ئەو مافەی پیادە کردووە، واتە بە زاراوەی ئەوکاتە لە دەوڵەتی ئیسلامییدا پێی وتراوە (بیعة)، ئافرەت ڕێگەی لێنەگیراوە، بەڵکو ڕێی پێدراوە کە بەیعەت بدات.

کەواتە ئەم چەمکە، واتە هاووڵاتییبوون کە ئێمە جەختمان لەسەر کرد، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمیشدا، لە زۆر شوێنیدا بەکار هاتووە.

ئەگەر بە ماددەیەکی جیاوازیش باسی ئافرەت نەکرایە، لە ڕووی یاساییەوە ئەوەی لێ ئەخوێنرێتەوە کە هاووڵاتییبوون بۆ هەردوو لایە، بەڵام ماددەی (٢١) بەتایبەتی باسی ئافرەتی کردووە، کە دەقەکەی بەمشێوەیەیە: (ژن و پیاو یەکسانن، ڕێگە بە جیاوازییکردن بە دژی ئافرەت نادرێ، حکومەتی هەرێمیش، هەموو ئەو مافە مەدەنی و سیاسییانەی لەم

PDF 4 KURD

دەستوورەو لەو پەیماننامەو ڕێککەوتننانەی کە دەوڵەتی عێراق پەسەندی کردوون دەستبەریان دەکات، هەرجۆرە کۆسپ‌و لەمپەرێك لە بەردەم یەکسانییاندا لە بەشدارییان لە ژیانی ڕۆشنبیریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ئابووریی‌و سیاسیدا دادەنرێت، دەبێت نەیهێڵێت).

ئەوەی لەم دەقەوە دەخوێندرێتەوە، نابێت هیچ جۆرە جیاوازییەك بکرێت لە نێوان ژن‌و پیاودا، لە بەشدارییکردن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، کەواتە تەنها یەك بوار ناگرێتەوە، ئەو داواکارییەی کە زۆربەی زۆری بزووتنەوە ژنانییەکان داوای دەکەن، بەشدارییکردنە لە بواری گشتییدا، لە شەریعەتی ئیسلامییشدا دەقەکان ڕوویان لە هەردوو ڕەگەزە، بۆ نموونە: (یاأیها الذین أمنوا، یاأیها الناس) کارو چالاکیی سیاسیی‌و گشتیی قەدەغە نەکراوە لە ئافرەت، بەڵکو بە ئەرك دانراوە لەسەر شانی هەردوولا، دەزانین سیاسەت بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك‌و چاککردنیەتی، بەڕێوەبردنی کاروباریش ئەرکێکە لەسەر شانی هەموولایەك.

کەواتە ئافرەتیش لە بەرامبەر کاری سیاسییدا بەرپرسیارە، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمویێت: (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ..) (التوبة: ٧١). واتە: "موسڵمانان بە پیاوو ئافرەتەوە ئەبێت پشتگیریی لە یەکتر بکەن، لە فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەدا"، ئەوەی لای هەمووومان ئاشکرایە" (منکر ومعروف) دوو بواری زۆر فراوانن، واتە هەموو جۆرە چالاکییەك دەگرێتەوە، (معروف‌و منکر)یش بە تاکە تاکەی کەسەکان ناکرێت، من بڵێم فەرمان بە چاکە دەکەم‌و تاکەتاکەی خەڵکی بگرم‌و پێیان بڵێم، بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی فراوانترو لە دەزگایەکدا بەشدار بێت‌و شانبەشانی پیاوان فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە بکات.

**لە ئایینی ئیسلامدا ئەم مافانە دەستەبەرکراون بۆ ئافرەتان، کە ئێستا لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتوون و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت ژن و پیاو لە بوارە گشتییەکاندا بەشداریی بکەن.**

**یەکێکی تر لەو ماددانەی ئەمەوێ قسەیان لەسەر بکەم، ماددەی (٢٣)یە، کە بڕگەی یەکەمی دەڵێ: "هاوڵاتیانی هەرێم مافی بەشداریکردنیان هەیە، ڕاستەوخۆ یان لەڕێی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیانەوە، لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بەشێوەیەکی ئازادانە، هەروەها مافی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنە گشتیەکان و ریفراندۆم و هەڵبژاردنی ئەنجومەنە خۆجێیەکان و شارەوانی و دەستە ئەهلیەکاندا هەیە، لەگەڵ وەرگرتنی پۆستە گشتیەکان بە یەکسانی، بەپێی ئەو مەرجانەی یاسا دەستنیشانیان دەکات و لەسەر بنەمای رەخساندنی هەلی یەکسان".**

**ئەوەی قسەی لەسەر بکەین بریتییە لە: (وەرگرتنی پۆستی گشتیی بە یەکسانی)، کەواتە کە وشەی یەکسانی بەکارهێنا، واتە بە ڕەهایی (مطلق)، ئەو کاتە هەردوولا دەگرێتەوە، بەڵام لە سەرەتای ماددەکەشدا دەڵێ: (هاووڵاتییانی هەرێم)، بەپێی ئەم پرەنسیپە بێت شتێکی زۆر چاك و ئیجابییە، بەڵام تا ئێستا لە کوردستاندا ئەمە پیادە نەکراوە، ئەگەر ئەم ماددەیە بچەسپێ، ئەتوانین بڵێین کە دەبێتە بنەمایەك بۆ بەشدارییکردنێکی یەکسان لە ڕێی ڕەخساندنی هەلی یەکسانییەوە، ئەو هەلی یەکسانییە کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە، بۆ ڕەگەزی پیاویش بە تەواوەتی نەچەسپاوە، جیاوازیی هەیە لە نێوان کۆمەڵێك و کۆمەڵێکی تردا، نەك تەنها لە نێوان ڕەگەزەکاندا.**

**دواتر بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٣) دێت ڕێژەیەك دادەنێت بۆ بەشدارییکردنی ئافرەتان، بە بۆچوونی من ئەمە دژایەتییەك دروست دەکات لەگەڵ بڕگەی یەکەمی ماددەکەدا، کە دەڵێ: "بە یەکسانی بەشداربن"،**

بڕگەی دووەمی ماددەکە ڕێژە دادەنێتو دەڵێ: "نابێت لە ٢٥٪ کەمتر بن"، هەرچەندە زۆربەی بزووتنەوە ژنانییەکان ئەمە بە دەستکەوتێك دەزانن، وەك دیارییکردنی ڕیژەیەك بۆیان، کە دەبێتە زەمانەتێکی یاسایی و لە دەستوورەکەدا تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە، من ئەمە بە ئیجابیی نازانم، ئەمە تەقلیدێکی دەستووری عێراقی فیدراڵە کە ئەو ڕێژەیەی تێدایە. بە بڕوای من بۆ ئەوکاتەی ئەوان ئەو ڕێژەیەیان تێدا داناوە دەستکەوتێکی باشبوو، بمانەویو نەمانەوێ بارودۆخی سیاسیی لە کوردستاندا زۆر جیاوازە، وەك لە عێراق، لە کوردستاندا هۆشیارییەك دروست بووە کە ژنان پێویستیان بە ڕێژە نەبێت، خەباتی ژنانی کوردستان بۆ بەشداریی لە ناوەندەکانی بڕیاردا تەمەنێکی دوورودرێژی هەیە، ئەو دەقانەی کە لە دەستوورەکاندا زۆر جەخت لەسەر بەشداریی ئافرەت دەکەنەوە بۆ دەنگدانو خۆکاندیدکردنو وەرگرتنی پۆستەکان، لە مێژووی ئایینی ئیسلامدا زۆر نموونەی هەن، لەو بارەیەوە لە واقیعی ئەمڕۆشدا نموونە زۆرە، لە قورئاندا جەخت کراوە لە ڕاوێژکردن، خوای گەورە دەفەرموێ (وشاورهم)، ئەو (هم)ـە کە بەکارهاتووە تەنها پیاوان ناگرێتەوە، بەو (ضمیر)ە کە بەکار هاتووە، لەسەر کاربەدەست واجب کراوە کە ڕاوێژ بە زۆربەی موسڵمانان بکات، کە پیاوو ئافرەت دەگرێتەوە، نموونەش زۆرە، کە ڕاوێژکراوە بە ئافرەتان، ڕاوێژکردن بە (أُم سلمة) لە سوڵحی حودەیبییەدا، ڕاوێژکردنی عومەری کوڕی خەتتاب بە حەفسەی خێزانی پێغەمبەر ﷺ، ئەم ڕاوێژکردنانە بە ئافرەتان هەبووە لە مێژووی ئیسلامدا، شتێکی غەریبو نامۆ نەبووە، کەواتە هیچ قەدەغە نییە ئافرەتان شوورایان پێبکرێتو کۆبوونەوەیان پێبکرێت، ئێستا لە کوردستاندا حزبە ئیسلامییەکان لە پۆستی سەرکردایەتییاندا ئافرەت هەیە، کەواتە ئەگەر شتێکی جائیز نەبوایە، دانەدەنرا، بەڵام ئەگەر تێبینی بکەین، حزبە عەلمانییەکان" کە زۆرجار بانگەشەی مافی ئافرەت دەکەن، هەندێکیان

PDF 4 KURD

تاكە ئافرەتێك لە سەركردايەتييان‌دا نييە!! كەواتە لە ئيسلامدا هيچ جۆرە چالاكييەك لە ئافرەت قەدەغە نەكراوە، بە مەرجێك ئەو چالاكييە چاك (صالح) بێت.

سەبارەت بە وەرگرتنی پۆستی (سەرۆكی ولات)يش" لە قورئاندا هيچ دەقێكی راشكاو نييە لەسەر نادروستيی وەرگرتنی ئەو پۆستە، لە مێژووی كۆن‌و واقيعی ئێستادا، بە سەرجەم ميللەتانی پێشكەوتوو دواكەتووەوە ئافرەتان كەمتر ئەو پۆستەيان وەرگرتووە، ئەمە ئەوە ناگەيەنێت كە ناگونجێ ئافرەت ببێت بە سەرۆكی ولات، چونكە پێكهاتەی دەولەتی ئێستا گۆڕانی بە سەردا هاتووە، جاران سەرجەم دەسەلاتەكان لە دەستی سەرۆكدا كۆئەبوونەوە، بەلام ئێستا لە سيستەمە ديموكراتييەكاندا بڕيارەكان تەنها لە دەستی سەرۆكدا نين، جاران ئيعتيبار بۆ ئەوە دادەنرا كە لە لايەنی سەربازييەوە دەبوو جەستەی ئەو سەرۆكە بەهێز بوايە، زۆربەی جار ڕەگەزی پياو هەلئەبژێردرا، بەلام ئێستا لە دەولەتی سەردەمدا حساب بۆ هێزی جەستە نييە، بەلكو ئيعتبار بۆ هێزی ماددەو حەكيميی لە سياسەتدايە، لە سەدەی بيستەمدا چەند ئافرەتێك دەركەوتن‌و پۆستی سەرۆكی ولاتيان بەدەست هێنا، وەك: ميگاواتی لە ئەندۆنيسيا، بەنەزير بۆتۆ لە پاكستان، ئەنديرا گاندی لە هندستان.

لە كۆتاييدا" ئەوەی پێويستە بوترێ ئەوەيە، كاتێك ژنان دەگەنە ناوەندە بالاكان‌و بڕياربەدەست دەبن كەسايەتی خۆيان لە دەست نەدەن، بە هەمان بيروبۆچوونی خۆيان لە خزمەت كێشەكانی خۆياندا بن، چونكە نموونەی واقيعيی زۆرە، ئافرەتان چوونەتە ئەو پۆستانەو بە شێوەيەك بيريان كردۆتەوە كە بڕيارەكانيان دژی ژنان بووە، چونكە يەكسانيی كار لە دامەزراوەكاندا وای لێيەت ئەو ئافرەتە كەسايەتی خۆی ئەتوێنێتەوە، ئەيەوێت بە شێوەيەك هەلسوكەوت بكات دوور لە كەسايەتيی ئافرەت،

PDF 4 KURD

کەواتە هاتنی ژنان بۆ ناو بواری دەسەڵات‌و حوکم تەنها نابێت بۆ ئەوە بێت ژمارەیان زیاد بێت، واتە حساب بۆ چەندێتیی نەکرێت، بەڵکو بۆ چۆنێتیی بکرێت، پێویستە هاتنیان بۆ ناو دەسەڵات بە شێوەیەك بێت ڕەمزیی نەبێت، تەنها بوتریٚ کۆمەڵگەی کوردیی حساب بۆ ئافرەت دەکات، یان تەنها بوتریٚ ئەوەتا لە حکومەتدا وەزیر هەیە، بەڵکو دەبیٚ لە بنەڕەتەوە بۆ گۆڕینی بەشدارییان بێت لە دەسەڵاتدا، لە کوردستاندا زۆرجار بانگەشەی مافی ئافرەت ئەکرێت، کە گوایە ئێمە حسابمان بۆ ئافرەت کردووە، بەڵام سەیر دەکەین لە کابینە یەك لە دوایەکانی حکومەتدا چەند پۆستێکی کەم نەبیٚ، بە ئافرەتان نەدراون، لە وەزارەتەکاندا، تەنانەت ئەگەر سەیری دادگاش بکەین، ژمارەیەکی کەم لە دادوەرمان هەیە ئافرەت بن، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر ئافرەتمان هەیە لە دەرچوانی کۆلێژی یاسا توانای ئەوەیان هەیە ئەو پۆستە بەرن بەڕێوە، بەڵام دەسەڵات کاری نەکردووە لەسەر ئەوەی ژمارەیان زیاد بکات، بۆ نموونە" کە داوای دامەزراندنی دادوەر دەکات، دەڵیٚ: "پێنج پیاوو دوو ئافرەت"، سەیر ئەکەین جیاوازیی کردووە لەوەدا، با بە هەمان ڕێژە هەوڵی ئەوە بدا ئافرەتانیش لەو پۆستانەدا دەستبەکار بن.

## ڕاوبۆچوونی ئامادەبوان لەسەر وتەکە:

### بەکر حەمە صدیق:

لەگەڵ هەموو بۆچوونەکانی سەرگوڵ خاندام، بەڵام چەند تێبینییەکم هەیە:

یەکەم: ئەو ژنانەی کە ئێستا دەچنە سەر کورسیی دەسەڵات، بە بڕیاری پیاو دەچن، حزبێك بڕیار دەدات، خۆشمان دەزانین لە کوردستاندا هەڵبژاردن بە سیستەمی ڕێژەیی بەڕێوە دەچیٚ، سیستەمی ڕێژەیی بەپێی لیستە، لیستەکەش حزب دیاریی دەکات، خواست‌و بەرنامەی خۆی

PDF 4 KURD

خەڵکێك دایدەنێ، ئەو ئەخاتە پێش، ئەم ئەخاتە دواوە، عادەتی حزبەکانیش ئەوەیە کە بڕیارەکانیان پیاوانەیەو پیاو بڕیار ئەدات، ژن لەو شوێنەدا پاشکۆیە، گوزارشت لەسەر خواستەکانی خۆی ناکات، گوزارشت لەسەر خواستی پرۆژەی حزبیی سیاسیی دەکات، کە زۆرجار لە خواستو ئارەزووەکانی خۆیەوە دوورە.

دووەم: کاتێك بانگەشە بۆ یەکسانیی دەکرێت، ئەبێ ئەو موفرەدەیە هاوتەبا بێت لەگەڵ گەشەی کۆمەڵایەتییو فیکرییو ڕۆشنبیریی ئافرەتو ئەو کۆمەڵگایەی کە سەیری ئافرەت دەکات، ئێستا هەڵبژاردنێك بکە لە نێوان پیاوێكو ئافرەتێکدا بۆ سەرۆکی پارێزگای سلێمانی، ژنەکانیش دەنگ بە پیاوەکە دەدەن، هەر پیاو نییە دەنگ بە پیاو ئەدات، ژنەکانیش پێیانوایە قابیلیەتیی پیاو زیاترە بۆ ئەوەی ئیدارە بەڕێوە بەرێ، پێویستە ژنان خۆیان لە ناو خۆیاندا ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، ڕێکخراوەکانی ژنانو خانمانو خوشکانو ئافرەتان کە لەسەر ئەو تەوەرەو پێکهاتەیە ڕێکبکەون، من وائەزانم لە ئەدەبیاتیاندا ئەو کەموکورتییە هەیە، پێویستە ئەوە چارەسەر بکرێت.

سێیەم: دانانی ڕێژەی ٢٥٪یش بۆ نوێنەرایەتیی ئافرەتان، بە بڕوای من شتێکە لەگەڵ مەبادیئە سەرەکییەکانی تری ئەو دەستوورەدا ناگونجێ، پێویستە ئەو بڕگەیە لاچێ، ئەو زەمانەتە بۆچییە؟ کە ٢٥٪ی ئافرەتان ئەبرێنە ئەو شوێنەو دائەنرێن، نوێنەرایەتیی تۆ ناکەن، بە هیچ شێوازێ نوێنەرایەتیی چینی ئافرەت ناکەن، من پرسیارێك ئەکەم: لە عێراقدا ڕێژەی ٢٥٪ی ئافرەتان چوونەتە پەرلەمانی کوردستانەوە، بەڵام چییان کردووەو چ بەرهەمێکیان هەبووە بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان؟ بۆ فکری ژنان؟ بۆ گەشەکردنی لایەنی ئەوان؟ خۆ پێویست بوو جموجوڵێك هەبێت، لە ساڵی ٢٠٠٣وە لە عێراق، لە ساڵانی نەوەتەکانەوە پەرلەمانی کوردستان هەیە، تا

PDF 4 KURD

ئێستا چییان کردووە؟ نەیانتوانیوە شتێکی ئەوتۆ بکەن، لەبەر ئەوە ئەو هەڵبژاردنەو چوونە ناو پۆستی پەرلەمان و پۆستە تەنفیزییەکان، بە بڕوای من لەبەر ئەوەی بە بڕیارێکی ژنانە نییە، پەیوەندی بە بڕیاری پیاوەوە هەیە، زۆرجار ئەو ئافرەتانەی ئەچنە ئەو شوێنانە توانای ئەوتۆیان نییە کە ئەو نوێنەرایەتییە بکەن، لەبەر ئەوە شتەکە وەکو خۆی ئەمێنێتەوەو وەکو ئەوە وایە کە هەر نەبووبێت.

**دکتۆر صەباح بەرزنجی:**

ئەمەوێ ئیزافەیەکم هەبێ، لە ڕاستیدا چارەسەری کێشەی ئافرەتان تەنها بەوە نییە لە دەستووردا ماددەیەکی بۆ تەرخان بکرێت، یا ڕێژەیەك دیاریی بکرێت لە پەرلەماندا، بەو ئەندازەیەی کە بەستراوە بە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و یاسایی و زانستیی ئافرەتان خۆیان، ئەویش نەك بە بڕیاری پیاو، ئەبێ ئافرەت خۆی هەوڵی زیاد بکات، لە پیاو زیاتر، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕووی یاسایی و دەستووریی و شەرعییەوە، لە ڕووی مەعریفی و ئیسپاتی دەسەڵاتی خۆی لە کۆمەڵگادا بکات، بەتایبەتی لە ڕووی پەروەردەییەوە، ئینجا کۆمەڵگاش ڕوانینی بەرامبەر بە ئافرەت بگۆڕێت، وەکو ئینسان، وەکو وزەیەکی کارا، وەکو دەورێکی ئەساسیی کە ئافرەت ئەیبینێ، تەرکیز بکرێتە سەر لایەنە پەروەردەییەکەی، ئێستا ئێمە کۆمەڵگاکەمان بە ڕاستی ماندووە، کۆمەڵگایەکی نەخۆشە، ئەگەڕێتەوە بۆ سستبوونی بواری پەروەردەو فێرکردن، ئەویش لە ڕووی سستبوونی ڕۆڵی ئافرەتان لە دەزگا پەروەردەییەکاندا، ئەبێ ئەمە لە دەستووردا بچەسپایە، بەو شێوەیەی کە زیاتر ڕۆڵی ئافرەت لە بواری پەروەردەو فێربوون و فێرکردندا تۆخ بکرێتەوە، نەك تەنها وەکو دیکۆرێك ببرێتە ناو پەرلەمان و دەزگاکانی حکومەت.

PDF 4 KURD



# پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان

بەکر حەمە صدیق

ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانەی کە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمدا باسیان لێوە کراوە، (١٧) ماددەن، بە مەبەستی دانانی چوارچێوەی گشتییە بۆ ئەوەی ئەو دەستوورە لە هەرماددەیەکی جێبەجێکردندا، یان ئەحکامێکی خیتامیدا، یان کاتیدا ڕووبدا، یان لە هەر ماددەیەکی تری دەستووریی خۆیدا پێچەوانەی ئەو پرەنسیپە سەرەکیانەی خۆی نەبێت، بۆ ئەوەی کە کەسێك بە دیدێکی خێراوە سەیری ئەو ماددە دەستوورییە دەکات، لە سۆنگەی سەیرکردنی خۆیەوە بۆ ئەو ماددانەی کە پێیان دەوترێت پرەنسیپەکان، تێبگات کە دەستووری ئەم وڵاتە فۆڕمەکەی چییە، سیستمی حوکم چۆن بەڕێوە دەچێ؟ سیاسەتی ئابووریی چۆنە؟ سیاسەتی کۆمەڵایەتیی چۆن بەڕێوە دەچێ؟ کە دەکرێ لە سۆنگەی چەند ماددەیەکەوە

PDF 4 KURD

که پێیان دەوترێ (پرەنسیپە بنەڕەتییەکان) لەو دەستوورە تێبگات، بەڵام ئەوەی لێرەدا، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا کێشەیە، کە سەیری دەستووری عێراق دەکەین ئەمەی تێدا دەبینین کە خوێندنەوەی بۆ بکەین، چونکە دەستووری عێراقیی توانیویەتی تا ئەندازەیەك فۆڕمێکی فیکریی ڕۆشنبیری سیاسیی کۆمەڵایەتیی بدات بەو دەستوورە، لە سۆنگەی ئەو دەستوورەوە دەتوانیت وێنەیەك لە کلتووری سیاسیی و فیکریی و ڕۆشنبیریی ئەو دەستوورە وەربگریت، ئەزانیت ئەو دەستوورە بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات، ئەو بنەما سەرەکیانەی لە پشتی ئەو دەستوورەوە وەستاون چین؟، بەڵام کاتێك کە سەیری پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکەین، لە نێوان کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی و کۆمەڵێك پرۆسەی جێبەجێکاریدا لێت تێکدەچێت، هەندێك شتیشی تێدایە زۆر تێکەڵاوەو لێی تێناگەیت باسی چی دەکات، نابێت ماددەی دەستووریی بەو شێوازە تێکەڵاویی تێدا بێت، بەو شێوازە گۆشەی تاریك و سێبەری تێدا بێت، دەبێت ماددەی دەستووریی بە ڕێژەی تەنها لە ٢٠٪ بواری تەئویل و تەفسیرکردنی تێدا بێت، دەبێت لە ٨٠٪ی زۆر ڕوون و ئاشکرا بێت، لێکدانەوەکەی فەلسەفەی قوڵی نەوێت، دەبێت هاووڵاتییەکی ئاسایی بتوانێت بیخوێنێتەوەو لێی تێبگات، چونکە ئەو هاووڵاتییە لە سۆنگەی دەستوورەوە سەیری مافەکانی خۆی دەکات.

دەستوور لە وڵاتێکدا بۆ فەیلەسووفێك و شوانێکی ئاسایی دادەنرێ، ئەبێت هەردووکیان لێی تێبگەن، بۆ نموونە" لە دەستووری هەرێمدا باسی کەمئەندام کراوە، ئەبێت ئەو توێژە بزانن کە ئەو دەقانەی باسی لە ئەوان کردووە باسی چی دەکات، چەندێك مافی ئەوانی پاراستووە؟ ناڕۆشنی لە هەر ماددەیەکدا، تووشی کێشەی دەکات. لە باری شەقڵی حکومەتی هەرێمەوە دەڵێت: "حکومەتێکی کۆماری و پەرلەمانی و دیموکراتییە"، باشە

حكومەتی كۆماریی واتای چی؟، واتە حكومەتی كۆماری هەرێمی كوردستان؟ ئەم دەقە بەلامەوە غەریبە! وشەی كۆماریی بۆ دەوڵەتە، بۆ حكومەت بەكار ناهێنرێت، (الحكومة الجمهورية) كوا لەو دنیادا هەیە؟ من بەلامەوە زۆر سەیرە كە ئەم دەقە دانراوە، پەرلەمانی فرەیی (تعددي) دروستە لە دەقەكەدا باس لە (فصل بين السلطة) دەكات، سیستمی پەیوەندیی دەسەڵاتەكان یەكێكە لەو سیستمانەی لە هەموو دەستوورێكدا باسی لێوە دەكرێت، هەندێك پێیان وایە كە سیستمی تەنفیزی ملكەچە بۆ سیستمی تەشریعی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم دەستوورە ئەوەی بڕیارداوە كە جیاكاریی لە نێوان دەسەڵاتەكاندا بكرێت، دەبێت هەریەكێك لەوانە پەیكەری پێكهاتەكەی جیا بێت و پەیوەندیی بەوەی ترەوە نەبێت، ئێستا سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەتوانێت پەرلەمان تێكبدات و حكومەت هەڵبووەشێنێتەوە، دەتوانێ سیستمی قەزایی دابنێت، قازییەكان و دادوەرەكان و دەزگای داواكاری گشتیی (ادعاء العام) ئەو جیهازەی كە پێی دەوترێ (عەدلی و قەزایی) جیهازێكە لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێمدایە، لە ژێر دەسەڵاتی حزبی دەسەڵاتدایە، جاری وا هەیە ئەوەندە فشارت لەسەر دادەنێت ئەو حاكمە بەسەزمانە كە دەیەوێ دابمەزرێ لە پۆستێكدا، هەزاران فشاری دەخەنە سەر تا ئیمزایەكی پێدەكەن، (إلاّ ما رحمه ربي)، لەبەر ئەوە جیهازی دادوەریی زۆر گرنگە، ئێستا پرۆسەیەك بەڕێوەیە لە پاكستان، سەرۆكی دادوەرانی ئەو وڵاتە (عەزل) كرا بە بڕیارێكی سەربازیی، خەڵك هەمووی هاتۆتە سەر شەقام، چونكە چێژێكی فیكریی و ڕۆحیی و ئارامی سیاسیی و كۆمەڵایەتی بەخۆوە ئەبینێ، كاتێك هەست دەكات دادگا لە وڵاتەكەیدا سەربەخۆیە، ئێستا خەریكە دەزگای جێبەجێكردن تەحەكوم دەكات بە سەر جیهازی قەزاییەوە، پێی قبوڵ ناكرێت.

PDF 4 KURD

لەم وڵاتەی لای ئێمەدا جیهازی قەزایی سەربەخۆ نییە، سەر بە جیهازی تەنفیزییە، ئەمیش سەر بە حیزبە، حزبیش تەحەکوم بە سەر مەسەلەکاندا دەکاتو کەس ناتوانێت بەدەر لە فیلتەری حزب لە دەزگای دادوەرییدا دابمەزرێ، قازییەك بتوانێت بڕیار لەسەر بابەتێك بدات، حزب لەگەڵ تەلەفۆنی بۆ کرد فڕێیدەدەنە دوورترین شوێن، خوا بەوە ڕەحمی کردووە کوردستان زۆر گەورە نییە، کەواتە ئەم نیزامی (فصل بين السلطة)یە لە کوردستانداو لە ئێستەدا کردەیی نییە، واقیعی حاڵی کوردستانیش بەم ڕەوشەی ئێستایەوە دژەوانەیە لەگەڵ جیاکردنەوەی سیستمی دەسەڵاتەکان.

ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە تەواو پێچەوانەی جیایی دەسەڵاتەکانە، چونکە هەمووی حزب دیاریی دەکات، ئێستا سەرۆکایەتیی هەرێمیش هاتۆتە سەر خەت، ئەو بڕیاری کۆتایی لەسەر بابەتەکان دەدات.

سەبارەت بە سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ماددەی دوودا دیاری کراوە، زۆر شتێکی سەیرو سەمەرەیە، ئەگەر پێت بڵێم ماددەیەك لە یاسای ساڵی ١٩٧٠ی حوکمی زاتیی کە بەعس دەری کردووە، ئەو پانتاییەی کە ئەو قانوونە داویەتی بە سنووری هەرێمی کوردستان گەورەترە لەوەی لە دەستووری هەرێمدا ئاماژەی پێکراوە، ئەمە پێکەنینی دەوێ، نەیتوانیوە لەو سنوورە دەربچێ، بەڵام شەڕیش لەسەر کەرکووك دەکرێت!!

سەبارەت بە بەرزیی و باڵایی دەستوور، لە ماددەی (٤)دا، ئەو ماددەیە باس لە باڵادەستیی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام ناتوانێت لەو دەسەڵاتە دەربچێت، کە پێیان دەوترێت (حصري)و پەیوەستن بە سوڵتەی ئیتتیحادییەوە، سوڵتەی ئیتتیحادی بیەوێ هەرچی بکات دەیکات،

PDF 4 KURD

ئەتوانێ داوای پارەی گومرگی لێبکات، ئەتوانێت داوای مەسروفاتی لێبکات.. هتد.

لە ناو فیدرالّییەکداین ئەوەندە دەسەلاّتی کەمە، کە بە ئەندازەی حوکمی زاتییەکەی جاران دەسەلاّتی نییە، چونکە هەر بە پێی ئەو ماددەیە هەموو شتەکان یەکلا کراوەتەوە بە خۆتەوە، بەبێئەوەی حکومەتی ئیتتحادیی لە نووسینەوەی ئەم دەستوورەدا دەسەلاّتی هەبێت، کۆمەڵێك دەسەلاّت دراوەتەوە بەو، کە ئەو دەسەلاّتانە خۆمانی پێ کۆت و زنجیر کردووە.

سەبارەت بە یاسادانەری دەستووری هەرێمی کوردستان" ویستوویەتی شتێك بڵێ، دەڵێ لە ناکۆکی یاساکانی هەرێم لەگەڵ ئیتتیحاد، کامیان ئیشی پێبکرێت؟ دەڵێ: ئەو یاسایەی کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە ئیشی پێدەکرێت، مەگەر بێت و لە لایەن پەرلەمانەوە هەڵبوەشێنرێتەوە، یان لە لایەن دادگای دەستوورییەوە بڕیاری پاککردنەوەی درابێت، واتە هیچ، پاکمان لە پاك، سفر × سفر = سفر.

کەواتە ئەم دەقە بەکار دەهێنرێت بۆ دژی خۆمان، بۆ نموونە" کەسێك دەچێت لە دادگای دەستووریی شکات دەکات و دەڵێ: لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا فلاّنە ماددە پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی عێراقە، ئەو کاتە ئەو ماددەیە پووچەڵ دەکرێتەوە، کاریگەریی نامێنێت.

ماددەی (٨) دەڵێ: "گەلانی کوردستان مافی خۆیانە کە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن".

بڕیاری چارەنووس، واتە جیابوونەوە، بڕیاری دروستکردنی دەوڵەت، بەلاّم خەڵکی کوردستان بڕیاریاندا بە خودموختاریی خۆیان لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا بژین، دەپرسم کامەیان ئێمەین؟ ئەوەی بڕیاری مافی چارەنووس دەدات، یان ئەوەی بڕیاری پێکەوەژیان لەگەڵ عێراقدا دەدات؟! ئەگەر لە خەڵکی کوردستان بپرسی، کاتێ دەڕوات بۆ سەر سندوقی

PDF 4 KURD

ڕیفراندۆم، ئەوکاتە بۆت دەردەکەوێت خەڵکی کوردستان کامیان هەڵئەبژێرن، ئەم ماددەیە دژبەیەکە باس لە دوو شت دەکات، کە تەواو پێچەوانەی یەکترن. ئەمەش یەکێکە لەو پرسیارە گرنگانەی لەسەر ئاستی عێراق عەرەبەکان زۆر موحارەبەی ئێمەی لەسەر دەکەن، هەموویان دژی ئەوەن کوردستان ببێتە هەرێمێکی فیدراڵیی، نەك بڕیاری چارەنووس. کەواتە ئەم ماددەیە پێش ئەوەی لەدایك بێت لەبار ئەبرێت.

دەڵێت لە دوو حاڵەتدا کوردستان دەتوانێت بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات:

١. ئەگەر هاتوو دەسەڵاتی ئیتتیحاد، سنووری دەستووری هەرێمی کوردستانی شکاند.

٢. پیشێلکردنی بەندەکانی ماددەی (١٤٠).

باشە ئەم دووانە کێ بڕیار دەدات لەسەر ئەوەی کە پێشێل تیایدا ڕووی داوە یان نا؟ ماوەی دیاریکراویش بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) ٢٠٠٧/١٢/٣١ـە، زۆری نەماوە، لە لایەکەوە بە ڕوونی جەخت لەسەر جێبەجێکردنی دەکرێتەوە، لە لایەکی ترەوە بە ناسکیی تەعامولی لەگەڵدا دەکرێت.

لە مەسەلەی دابەشکردنی سەروەت و ساماندا، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیاز دەکات بەوەی کە ئەو سەروەت و سامانە سروشتییانەی کە دەردێن پێویستە بە شێوازێکی عادیلانەو گونجاو بێت، لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانی عێراقدا دابەش بکرێت، واتە ئەو شتانەش کە پێشتر لە هەرێمی کوردستان دەرهێنراون دەچنەوەحکومەتی مەرکەزیی و ئەو بڕیاری لەسەر دەدات، بە عەدالەت دابەشیان دەکاتەوە، عەدالەت کێ دیاری دەکات؟ چۆن دیاری دەکرێت؟ چۆن ئەیژمێریت و حسابی دەکەیت؟ ئەوە بابەتێکی لاستیکی (مطاطية)یە.

PDF 4 KURD

لەسەر مەسەلەی سیاسەتی ئابووریی، ماددەی (١٥)مان هەیە، دەڵێ: "ئابووریی ئازاد، سیاسەتی ئابوورییە لەم وڵاتەدا"، ئەم ڕستەیە ناوی چییە؟ بیخەرە ناو ڕستەکانی ئابوورییەوە، ئابووریی ئازاد واتای چی؟ ئەبێت میکانیزمێکی بۆ دابنێی، سێ چوار بڕگە دابنرێ‌و شەرحی ئەم مەسەلەیە بکات، چۆن ئابووریی ئازاد؟ بە چ شێوازێك؟ بە چ زەوابتێك؟ بە چ مەرجێك؟ بە چ شێوازو چوارچێوەیەکی یاسایی؟ لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەداو پێش ئەوەی ڕەشنووی دەستووری هەرێمی کوردستان دەربچێت، یاسایەك لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوو، لە لایەن سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچووە، کە سەرۆکایەتیی هەرێم خۆی تاوەکو ئێستا یاساکەی تەصدیق نەبووەو دەسەڵاتی دیاری نەکراوە، بەڵام بڕیاریداوە یاسای وەبەرهێنان (إستثمار) دەربچێ‌و حەق دەدات بە بێگانە لە هەرێمی کوردستاندا خاکی هەبێت، موڵکی هەبێت، کە ئەمە پێچەوانەی هەموو یاساکانی (إستثمار)ە لە هەموو وڵاتانی عەرەبی‌و ئیسلامییدا.

بە بڕوای من ئەم دەستوورە کۆمەڵێك کەلێنی گەورەی تێدایە، کە ڕێگە بە کەسانێکی دیکە دەدات بێنە هەرێمی کوردستان‌و تەراتێن لەم وڵاتەدا بکەن.

کە باس لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات لە ماددەی (٧٤)دا، دەڵێ: "ڕێزگرتن و بەرزڕاگرتنی سیمبولەکانی بزاڤی ئازادیخوازی کوردی و شۆڕش و شەهیدەکانی و پاراستنی شکۆمەندی کەس و کاریان و پێشمەرگەدێرینەکان و خەباتگێڕان و بەشداربوان تیایدا ئەرکێکی پیرۆزە لەسەر حکومەت و هاووڵاتیانی کوردستان". بەڕاستی ئەم ماددەیە بۆ کوشتنی ئینسانەکان دانراوە، بۆ کوشتنی ئینسانی ئازاد دانراوە لەم وڵاتەدا، واتە ئەبێت ڕەسمی هەموو کەسێك هەڵبواسی لەماڵەکەتدا، ڕەخنە لە هەر ڕەمزێکی سیاسیی لەم وڵاتەدا بگریت، دەچیتە سجنەوە، بەپێی ئەم ماددەیە، لە دواییدا کە یاسایەك دەرچوو، ناتوانین ڕستەیەك لەسەر

PDF 4 KURD

قیادەکانی کورد بڵێین، چونکە تاوانبار دەکرێیت بە خیانەت، کێشەیەکی زۆر گەورەیە کە تازە هاووڵاتیانی کورد فێر بکرێنەوە قیادەی کوردیی بە خوا بزانن، ئەبێت هێماکانی بزووتنەوەی کوردیی بە خوا بزانرێت، کە ئەمەش زۆر خەتەرە، ڕێزلێگرتنی ڕاستە، بەڵام بە پێچەوانەوە قابیلی قبوڵ نییە.

**راوبۆچوونی ئامادەبوان لەسەر وتەکە:**

**سەرگوڵ قەرەداغی:**

بە نیسبەت ئەو بەنەمرکردنە (تخلید)ەوە کە باسکرا، ئەوە یەکێکە لەو دژایەتییەی (تناقض) کە کاك دکتۆر ئاماژەی پێدا، لە سەرەتاوە دەڵێ: "ئەم دەستوورە فرەیی و یەکسانی و مافی مرۆڤی تێدایە"، بەڵام لەم لاوە کۆمەڵێکت هێناوە پلە دروست دەکەیت، لە نێوانیاندا ئەمانەت جیاکردۆتەوە لە خەڵکانی ئاسایی.

**دکتۆر صەباح بەرزنجی:**

ئەم دەستوورە لە ماددەی یەکەمەوە کە سەیری دەکەین تا ماددەی کۆتایی، دژبەیەکبوونێکی سەیر دەبینین، نموونەیەکی زۆر سادە، بەپێی ماددەی یەکەم بێت، هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵە لە حکومەتی عێراقدا کە سیستمی (کۆماریی و پەرلەمانی)یە، جارێ پێویست ناکات بڵێی هەرێمێکی فیدراڵە، ئەبێت هەرێمەکەش بکەین بە چەند هەرێمێکەوە، بۆ ئەوەی ببێت بە فیدراڵ. لە لایەکەوە باسی سیستمی پەرلەمانیی دەکات کەچی کە سەیری دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم دەکەیت، ئەبێت بە سیستمی سەرۆکایەتی (رئاسي)، ئەمە خۆی لە خۆیدا دژبەیەکە لە ڕووی دەستوورییەوە، ئەگەر بمانەوێ نموونەی دژبەیەکی ئەم دەستوورە باس بکەین، ئەوە زۆر زۆرە.

# دەقی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان

PDF 4 KURD

# ئه نجومه نی نیشتمانیی کوردستان - عێراق
# پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان - عێراق

## بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

### دیباجە

ئێمە، گەلی کوردستان– عێراق، ئەو گەلەی بەدەیان ساڵ ستەم و زۆرداریی ئەو رژێمە دیکتاتۆریانەی چەشتووە کە زۆر بەخەستی دەسەلاتیان لەدەست خۆ چڕکردبۆوەو بە شێوەیەك ئازادییان لێداماڵیبووین و لەو مافە سروشتیانەیان بێبەش کردبووین کەخوا بە ئادەمیزادی بەخشیون و ئەو مافەشارستانی و سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییانەی مرۆڤ کەلە بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکاندا دانیان پێدانراوە، بۆ ئێمەیان بەزۆر زانی.

پێشتریش بووین بەقوربانی بەرژەوەندییەنێودەوڵەتییەکان، کاتێ بێبەش کراین لەوەی بە خواهیشتی خۆمان بڕیار لەسەر چارەی خۆنووسین بدەین و پێگەی سیاسی و یاسایی خۆمان دەستنیشان بکەین، بەپێچەوانەی ئەو گەلانەی دوای جەنگی جیهانیی دووەم، سوودمەندبوون پشت بە چواردە بنەماکەی سەرۆکی ئەمریکیی ئەودەم "ویدرۆ نیلسۆن"، لە ئیمبراتۆریەتی عوسمانی داماڵان.

ئەوەبوو کاتێ لەساڵی ١٩٢٠، رێکەوتننامەی سیڤەر لەماددەکانی (٦٢ و ٦٣ و ٦٤)یدا دانی نا بە مافی کورد لەبڕیاردان لەسەر چارەی خۆنووسین، بەرێکەوتننامەی لۆزان لەساڵی ١٩٢٣ ئەو مافە سڕایەوە. کاتێکیش لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمکاری نەتەوەکان (عصبة الامم) بۆی دەرکەوت کەوا کوردستانی باشوور، کە لە دواتردا بە کوردستانی عێراق ناوبرا، رۆژێك لە رۆژان بەشێك نەبووە لە عێراقی عەرەبیی و داوا و داواکارییەکانی وڵاتە دراوسێکان هیچ بەڵگەنامەیەکی مێژوویی پشتڕاستیان ناکەنەوە و ئەو کتێب و نەخشانەی مێژوونووس و جوگرافیناسەکۆنەکانی عەرەب کێشاویانن و نەخشەکانی سەدەی شازدەم و بیستەمی ئەوروپاییەکان بە درۆیان دەخەنەوە و بۆیان دەرکەوت

PDF 4 KURD

سنووری عیراق، لە باکوورەوە لە چیای حەمرین تێپەڕ ناکات و کوردستان هەرگیز بەشێك لەئەنادۆڵ نەبووە، ئەمەش داوای داواکاران رەت دەکاتەوە. سەرەڕای ئەمەش بێ راوەرگرتن و ڕاپرسی ئێمەو لەبەر هەندێ بەرژەوەندیی نێودەوڵەتیی، کوردستانیان بە عێراقی عەرەبیەوە لکاند.

کاتێکیش حکومەتی عیراق لە لێدوانی ٣٠ی مایسی ١٩٣٢یدا بەنیوەچڵی دانی نا بە لانیکەمی مافەکانمان و پابەندیەکەشی سروشتی نێونەتەوەیی هەبوو، کەماددەی دەیەمی قەدەغە دەکات بەبێ پەسەندکردنی زۆرینەی ئەندامانی کۆمکاری نەتەوەکان ئەو پابەندیەهەموار بکات یان لاببەرێت و هەرچەندەپابەندیەکەی حکومەتی عێراق لە ڕووی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەدوای دامەزراندنیدا کارابوو و دەبوایەجێبەجێ بکرێت، بەڵام وەك مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە.

بەدرێژایی هەشتا ساڵ، سیاسەتی داپڵۆسین، ساڵ بەساڵ، لە زیادبووندا بوو و هیچ یەك لەو دەق و حوکمانەی لەجاڕی گەردوونی و بەڵێننامەنێونەتەوەییەکاندا هاتبوون و بە شانوباڵی دادپەروەری و یەکسانی و هاوبەشی و ئازادی و هەلی یەکسانیاندا هەڵدەدا و دەخرانەناو دەستووره یەك لەدوای یەکەکانی عیراق، لە دەستووری ساڵی ١٩٢٥ەوە بەرەو دەستوورەکانی ١٩٥٨ و ١٩٦٤ و ١٩٦٨ و ١٩٧٠ و تا دەگاتە پرۆژەی دەستووری ١٩٩٠وە ئەو سیاسەتەیان ڕانەگرت و نە ڕاددەشیان بۆ دانا. بەڵکو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان گشت هێڵێکی سووریان بەزاند و بەخۆگێلکردن لە مافە نەتەوەییەکانمان نەوەستان، بەڵکو گەیشتەقۆناغی تاوانەکانی ئەنجامدانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ و پاکتاوکردنی رەگەزیی و سیاسەتەکەیان گەیاندە خاپوورکردنی نزیکەی ٤٥٠٠ گوند و گۆڕینی دیمۆگرافی شوێنی باب و باپیران لەبەشێکی زۆری کوردستان، لە ڕێگەی راگوێزانی زۆرەملێی هاوڵاتیانی کوردستان لەو شار و دێیانەی بەپێوەمابوون و بەر خاپوورکردن نەکەوتبوون و ناچارکردنیان بۆ ئەوەی نەژادی خۆیان بگۆڕن و پەیرەوکردنی سیاسەتی پاکتاوکردنی جەستەیی بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجەی شەهید و ناوچەکانی بالیسان و بادینان و دەیان شوێنی

PDF 4 KURD

دیکەو هەزاران گەنجی کوردی فەیلیی، بەرەو مەرگ، بۆ ناو گێڵگەکانی ئەزموونی کیمیاوی و گۆڕی بەکۆمەڵ راگوێزران، دوای ئاوارەکردنی خاووخێزانیان بۆ دەرەوەی عێراق و لێسەندنەوەی ولاتنامەی عیراقیی و بە دوایەوە دەستکرا بەهێرشی لەناوبردنی بارزانیان و هەڵمەتەکانی ئەنفالکردن و زیاتر لە مەردمی سڤیلی بێچەك لەلاو و پیر و ئافرەت و منداڵی تێدا بوون بە قوربانی.

ئەو دڵڕەقیەی بەرامبەرمان بەکار هاتووەو ئەو داپڵۆسین و زۆرداری و لەناوبردنەی کە زمانی فەرمانڕەوایانی عێراق بوو لەگەڵماندا گیانی شۆڕشگێڕیی پێبەخشین و گڕی سەرهەڵدانە یەك لەدوای یەکەکانی لە دڵماندا هەڵگیرساند و ژیلەمۆی ئەو بڵێسەیەی باوك و باپیران خستیانە ئەستۆ لەسەر ڕێبازی بەرگریی لەخۆکردن و شەڕی پارێزگاریی لە بوون، گەش کردەوە و بۆ وەڵامدانەوەی غەریزەی مانەوە لە ژیاندا، بە درێژایی هەشتا ساڵ شۆڕش و ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکانمان بەدوایەوەدا هاتن. لەو ماوەیەشدا هەر کاتێك تروسکەی هیوایەك هاتبێتە ئاراوە، سەرکردەکانمان درێغیان نەکردووە لەدەستدرێژکردن بۆ ئاشتی. بەڵام ئەو فەرمانڕەوا یەك لەدوای یەکانەی هاتنەسەر تەختی حوکمڕانیی، هەمیشە پیشەیان جارێك ستەم و جارێك پاشگەزبوونەوە بوو لە بەڵێنەکانیان.

ئەمە بوو کرۆکی سیاسەت و نەریتی ڕێبازیان، چاکترین بەڵگەش پاشگەزبوونەوەکەی ڕێکەوتننامەی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ و خۆدزینەوەلەڕێکەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ و مۆرکردنی ڕێکەوتنە شوومەکەی جەزائیری ئاداری ١٩٧٥ بوو، کەرێخۆشکەر بوو بۆ زاڵبوون بەسەر بزاڤی ئازادیخوازی گەلەکەمان، کەئەگەر چی بۆ ماوەیەك ڕۆشنایی کپبۆوە، بەڵام تا هەتایی نەبوو چونکەدوای چەند مانگێك بە توندی هەڵگیرسایەوە و تاجەگوڵینەکەشی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بوو کەکۆڕەوە ملیۆنیەکەی بۆ ولاتە دراوسێکانی بەدواوەدا هات و ویژدانی جیهانی هەژاند و لە سەروبەندیەوە لە /نیسانی١٩٩١دا بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە دەرچوو، کە لەئەنجامیدا ولاتانی هاوپەیمانی جەنگی دووەمی کەنداو ناوچەی ئارامیان لە کوردستاندا دامەزراند و بووەپەتی دەربازبوون و لە دواڕۆژێکی نادیاری رزگار کردین.

PDF 4 KURD

ئەم هەلە زێڕینەمان قۆستەوە و یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانمان لە ١٩٩٢/٥/١٩ ئەنجام دا و لە ١٩٩٢/٧/٤، یەکەم حکومەتی لێهاتەکایەوەو دەسەڵاتی دادوەریی داندرا لە دواجار، بڕیاری پەرلەمانی یەکلایەنە دەرچوو بەجاڕدانە بەناوبانگەکەی بۆ فیدراڵی و هەڵبژاردنی پەیوەندیی فیدراڵیی بۆ کوردستان لەگەڵ هەر حکومەتێکی ناوەندیی عیراقیی و بوونی عیراق بە وڵاتێکی کۆماریی، فیدراڵیی، دیموکراسیی، پەرلەمانیی و فرەلایەنە. ئەمەش بەپێی ماڤی ڕەوامان لە بڕیاردان لەسەر چارەی خۆنووسین، بەپشتبەستن بە پەیمانی نەتەوەیەکگرتووەکان و بەڵێننامەی نێونەتەوەیی بۆ مافەشارستانی و سیاسییەکان و پەیمانی نێونەتەوەیی بۆ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییەکان، کە ساڵی ١٩٦٦ لەنەتەوەیەکگرتووەکان دەرچوونەو عیراقیش لە ١٩٧١/١/ چۆتەپاڵیانەوە.

کاتێ عیراق ئازادکرا لەدەست ڕژێمی دیکتاتۆری دڕندە و بڕیاری یاسای بەڕێوەبردنی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوەدەرچوو، بەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیی و لە دواجار، لەسەر هەمان بنەما دەستووری هەمیشەیی عیراق داندرا، جارێکی دی ئومێدمان نوێ بۆوە.

پەسەندکردنی دەستووری فیدراڵیی لەلایەن زۆرینەی گەلی عێراقەوە لەراپرسیەکەی ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/١٥دا، دروستیی هەڵبژادنی گەلی کوردستان و دروستیی دەستنیشانکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی گونجاو بۆ عیراقێکی پێکهاتوو لە دوو نەتەوی سەرەکیی کورد و عەرەب، لەگەڵ نەتەوەکانی تورکمان و کلدان و ئاشووری و ئەرمەن و ئایینەهەمەجۆرەکانی وەك ئیسلام و مەسیحی و ئێزدی و صوبی و مەندایی، کەخێروبێری لە دامەزرانی دەوڵەتێکی فیدراڵیی بەدی دێت کە تۆکمەتر و شیاوتر بێت بۆ هێنانەدیی دادپەروەری و ئاسایش و هێمنی و ئازادی و دیموکراسی و دادپرسیی لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانیدا.

بۆیە، لە هەستکردنمانەوە بەو داپڵۆسین و جەزرەبەو جەور و ستەمەی نەوەکانمان چەشتوویانە و لە ڕێزگرتنمانەوەبۆ سەرکردەکانی هێمای بزاڤی ئازادیخوازی کوردستانیی و خەباتگێڕە پێشمەرگەکانی و ئەو شەهیدانەی

PDF 4 KURD

گیانیان بەختکرد لە پێناو ئازادیی گەلی کوردستان و مافەڕەواکانی بە مافی چارەی خۆنووسین و لەپێناو دیموکراسی بۆ عیراق و لەدانپێدانانمانەوە بە ڕەوایی ئەو ئامانجانەی لەپێناویاندا خەباتیان کردووەو لەڕۆشنایی بنەماکانی جاڕی گەردوونشی مافی مرۆڤ و ئەو پەیمان و بەڵێننامە نێونەتەوەییانەی پەیوەستن بەو ئامانجانەوە و بۆ هێنانەکایەوەی کۆمەڵگایەکی دیموکرات لە هەرێمی کوردستان کە دامەزراو بێت لەسەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافەسەرەکیەکانی مرۆڤ و کراوە بێت لەسەر پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیشەکانی و تواناکانی هاوڵاتیانی بخاتە گەڕ و لەکوردستانی عیراق هەرێمێکی یەکگرتوو و دیموکرات بێنێتەکایەوە کە هاوکار بێت لە بنیاتنانی عیراقێك کەویست و بڕاردەمان لەگەڵ ویستی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەییەکانی گەلی عیراق و هێزە سیاسییە نیشتمانپەروەرەکانی یەکدی بگرنەوە، بەمەرجێ فیدراڵی و دیموکرات و پەرلەمانیی بێت و بڕوای بەفرەلایەنەو مافەکانی مرۆڤ هەبێت.

لەبەر گشت ئەم هۆکارانە، ئەم دەستوورەمان هێنایە کایەوە.

## دەروازەی یەکەم

## بنەما سەرەکییەکان

**ماددەی ١:**

هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی (فیدراڵە) لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا، کەسیستمە سیاسییەکەی کۆماریی و پەرلەمانیی و دیموکراسییەپشت بە بنەمای فرەلایەنیی سیاسیی و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبەستێت.

**ماددەی ٢:**

یەکەم: کوردستان–عێراق، لە پارێزگای دهۆك، بەسنووری کاگێڕیی ئێستای و سنووری کارگێڕیی پێش ساڵی ١٩٦٨ی پارێزگاکانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و شەنگار و تەلەعفەر و تلکێف و قەرەقۆش و ناحیەی زومار و باشیقەو ئاسکی کەڵەك، لەپارێزگای نەینەوا و هەردوو قەزای

خانەقین و مەندەلی، لەپارێزگای دیالەو قەزای بەدرە و ناحیەی جەسسان لەپارێزگای واسیت بە سنووری کارگێڕیی ساڵی ١٩٦٨، پێك دێت.

دووەم: بۆ دیارییکردنی سنووری کارگێڕیی هەرێمی کوردستان، پشت بەماددەی ١٤٠ی دەستووری فیدراڵیی دەبەسترێت.

سێیەم: ڕۆڵەکانی ئەو ناوچانەی لە هەرێمی کوردستان دابڕێندراون، هەر کاتێ بەپێی حوکمی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری فیدراڵیی گەڕاندرانەوە بۆی، ئەو کاتەوەکو هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان سوودمەند دەبن بە یەکسانیی لەو ماف و ئەرك و ئەو دەستەبەریانەی لەم دەستوورەدا دەقنووس کراون.

**ماددەی ٣:**

نابێ هەرێمێکی نوێ لە ناو سنووری هەرێمی کوردستان–عیراقدا، دروست بکرێت.

**ماددەی ٤:**

یەکەم: گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و بنچینەی ڕەوایەتییانە و لە ڕێگای دامەزراوە دەستوورییەکانیەوە پیادەیان دەکات و دەستووری هەرێمی کوردستان و یاساکانی، سەروەرتر و باڵاترن لەو یاسایانەی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دەردەچن، جگە لەو بوارانەی تایبەتن بەدەسەڵاتی حکومەتی عێراق کە لە ماددەی ١١٠ی دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵدا، هاتوون.

دووەم: هەرکاتێك یاساکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ یاساکانی دیکەدا ناکۆك بوون، دەبێ دادگاکانی کوردستان پابەندبن بەپیادەکردنی دەستوور و یاساکانی کوردستان، ئەگەر یاساکە لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵنەوەشێندرابێتەوە، یان هەموار نەکرابێت، یان لە لایەن دادگای دەستوورییەوەپووچەڵ نەکرابێتەوە.

**ماددەی ٥:**

پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیەهەر یاسایەکی کۆماری عێراقی فیدراڵ و لە دەسەڵاتە دیارییکراوەکانی ماددەی ١١٠ی دەستووری فیدراڵدا نەبن، بخاتە کار، ئەگەر ئەو یاسایە لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستاندا بێت، ئەمەش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

PDF 4 KURD

**ماددەی ٦:**

یەکەم: گەلی کوردستان–عیراق پێکهاتووە لە کورد و نەتەوەکانی دی (تورکمان، کلدان، ئاشووری، ئەرمەن و عەرەب) لەوانەی بەپێی یاسا، هاولاتی هەرێمن.

دووەم: دەسەلاتەکانی هەرێم، بۆیان هەیەمافی هاولاتیبوون لە هەرێمدا، بەپێی یاسا رێك بخەن.

**ماددەی ٧:**

ئەم دەستوورەجەخت لەسەر ناسنامەی موسلمانێتیی زۆرینەی گەلی کوردستان دەکات و بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لەسەرچاوە سەرەکییەکانی یاسادانان، هەروەها تەواوی مافە ئاینییەکانی مەسیحی و ئێزدی و هی دیکە لە ئازادیی باوەڕ و پیادەکردنی ئایین دەستەبەر دەکات.

**ماددەی ٨:**

گەلی کوردستان– عێراق مافی دیارییکردن و بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە. بەپێی ئەم مافەش ئازادە لە دیارییکردنی پێگەی ڕامیاریی و بەدیهێنانی گەشەی ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریی خۆیدا، یەکگرتنی ئازادانەی لەگەلٚ عێراقدا بە گەل و خاك و سەروەریی هەلٚبژاردووە، ئەمەش بەستراوەبە پابەندبوون بە دەستووری فیدرالٚیی و سیستەمی فیدرالٚیی و پەرلەمانیی و دیموکراتی و فرەلایەنی و ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ بە تاك و کۆمەلٚیەوەو بۆی هەیەچاو بگێڕێتەوە بەم هەلٚبژاردنەی، بۆ دیارییکردنی پاشەڕۆژ و پێگەی سیاسیی خۆی لەم بارانەی خوارەوەدا:

یەکەم: پێشێلکردنی شکۆمەندیی دەستووری فیدرالٚیی، کە وەك پاشگەزبوونەوەیەك دابندرێت لە پابەندبوون بە سیستەمی فیدرالٚیی یان بنەما بنچینەییە دەستوورییەکان لە دیموکراسی و مافەکانی تاك و بەکۆمەلٚی مرۆڤ.

دووەم: پەیڕەوکردنی سیاسەتی جیاوازیی ڕەگەزی و گۆڕینی باری دیموگرافیی کوردستان، یان کارکردن بۆ هێشتنەوەی شوێنەوار و ئاکامەکانی پێشووی ئەم سیاسەتە، کە بە پاشگەزبوونەوە لەو پابەندبوونە دەستوورییەی لەماددەی ١٤٠ی دەستووری فیدرالٚییدا هاتوون، دابنرێت.

PDF 4 KURD

**ماددەی ٩ :**

**مافێکی بنچینەیی و دەستووریی هەرێم دەبێت:**

**یەکەم: وەرگرتنی بیر و ڕای هەرێم، بەر لەمۆرکردنی هەر گرێبەست و ڕێککەوتنێك لە نێوان حکومەتی فیدراڵیی و هەر دەوڵەتێك یان لایەنێکی بیانیی پەیوەست بێت بە بارودۆخ، رەوش، یان مافەکانی هەرێمی کوردستان کە ئێستا هەن، یان لەداهاتوودا دەبن.**

**دووەم: هەرێم بۆی هەیەلەسنووری دەسەڵاتیدا بۆ دەرکردنی ئەو یاسایانەی، لەدەرەوەی دەسەڵاتەدیارییکراوەکانی حکومەتی فیدراڵن، لەگەڵ حکومەتەکانی هەرێمی دەوڵەتەبیانییەکان رێکەوتننامەمۆر بکات.**

**سێیەم: هەرێم بۆی هەیە لە سنووری دەسەڵاتی دەرکردنی ئەو یاسایانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتەدیارییکراوەکانی حکومەتی فیدراڵیین، بەرەزامەندیی حکومەتی فیدراڵیی گرێبەستی رێکەوتننامەمۆر بکات، کە نابێ ئەویش بەبێ پاساوی یاسایی دڵنیاکار ڕەزامەندیی نەنوێنێت.**

**ماددەی ١٠ :**

**مافێکی دەستووری و بنچینەیی هەرێمەکە:**

**یەکەم: بەشێکی دادپەروەرانەی لەداهاتەکانی فیدراڵیی هەبێت، کەبنەمای هاوشانی و ڕێژەی دانیشتوان و لەبەرچاوگرتنی بەسەرهاتەکانی کوردستان لەسووتاندن و ڕووخاندن و بێبەشبوونی گەلەکەی لەمافەکانی بەدرێژایی ڕژێمەکانی فرمانڕەوایی پێشوو.**

**دووەم: هاوبەشییکردنی لەپۆست و فەرمانبەرایەتییەکانی فیدراڵیی بەشێوەیەکی هاوشان و ڕێژەیی.**

**سێیەم: پلە فەرمانبەرێتییەکانی فەرمانگەکانی فیدراڵیی لە هەرێمی کوردستاندا بە هاوڵاتیانی هەرێم بسپێردرێت.**

**ماددەی ١١:**

PDF 4 KURD

شاری هەولێر، پایتەختی کوردستان–عیراقە، پەرلەمانیش بۆی هەیە شارێکی دیکەی هەرێم بکاتەپایتەخت.

**ماددەی ١٢:**

یەکەم: هەرێمی کوردستان ئاڵایەکی تایبەت بەخۆی هەیە و لە تەك ئاڵای کۆماری عیراقی فیدراڵدا هەڵدەدرێت و دروشم و سروودی خۆی هەیە و جەژنی نەتەوایەتیی نەورۆزە و ئەمەش بە یاسایەك رێك دەخرێت.

دووەم: ئاڵای کوردستان لەسوور، سپی و سەوز پێك دێت و خۆرێکی زەردی بیست و یەك تیشکیی لە ناوەندیەتی.

سێیەم: مەدالیە و نیشانەکان و پشووەفەرمییەکان بەپێی یاسا رێك دەخرێن.

**ماددەی ١٣:**

هەرێمی کوردستان، هێزێکی بەرگریکاری پێشمەرگەی هەیە، بۆ پاراستنی هەرێم و پێکهاتە و ئەرك و کار و فەرمانەکانی، بەیاسا رێك دەخرێن و نابێ میلیشیای چەکداریی، لەدەرەوەی کەمەرەی یاسادا، پێك بهێندرێت.

**ماددەی ١٤:**

یەکەم: کوردی و عەرەبی، دوو زمانی فەرمین لە هەرێمدا و ئەم دەستوورەماف هاوڵاتیانی هەرێم لە فێرکردنی رۆڵەکانیان بە زمانی دایك، وەك تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی، لەدەزگا حکومیەکانی خوێندندا، دەستەبەر دەکات، بەپێی رێککاریە پەروەردەییەکان.

دووەم: لەپاڵ زمانی کوردی و عەرەبیدا، زمانی تورکمانی و سریانی، دوو زمانی فەرمین لەو یەکە کارگێڕییانەی کەئەوانەی پێی دەئاخڤن چڕیی دانیشتوانیان پێکدێنن، ئەوەش بە یاسا رێك دەخرێت.

سێیەم: بۆ دیارییکردنی زمانی فەرمیی، ئەگەر بواری یاسایی بۆ بەکارهێنانی لە هەرێمدا لە ئارادا بوو، پشت بەماددەی ٤ی دەستووری فیدراڵیی دەبەسترێت.

**ماددەی ١٥ :**

PDF 4 KURD

هەرێمی کوردستان پشت بەسیستەمی ئابووریی ئازاد دەبەستێت و ڕێگا بە قۆرخکردن و چەوسانەوە نادرێت و کێبڕکێی ئازاد و ڕەواش، دەستەبەر دەکرێت.

**ماددەی ١٦:**

حکومەتی هەرێم، لەسەر بنەما ئابوورییەکانی سەردەم چاکسازی ئابووریی هەرێم دەگرێتەئەستۆ لەپێناو زیندووکردنەوەی ژێرخانی ئابووریی و گەشەپێدان وهاندانی وەبەرهێنان لە هەموو کەرتەجیاکاندا. ئەمەش بەپێی یاسا ڕێك دەخرێت.

**ماددەی١٧:**

یەکەم: سامانی گشتیی لە هەرێمدا موڵکی گەلی کوردستانە و حوکمەکانی تایبەت بەپاراستن و بەڕێوەبردنی و مەرجەکانی ڕەفتار لەسەرکردن و ئەو سنوورەی دەکرێ دەست لە بەشێکیان هەڵبگیرێت، بە یاسا ڕێك دەخرێن.

دووەم: سامانە سروشتییەکان و ئاوەکانی سەرزەوی و ژێرزەوی و کانزا دەرنەهێندراوەکان و کانەکانی دەرهێنانی بەرد و کانزاکان سامانێکی نەتەوەیین بۆ هەرێم و دەرهێنان و بەڕێوەبردن و مەرجەکانی ڕەفتار لەسەرکردنیان بە یاسایەك ڕێك دەخرێن کەبەرژەوەندیی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بپارێزێت.

## دەروازەی دووەم
## مـــافـــەکـــان

### بەشی یەکەم
### مافەمەدەنی و سیاسییەکان

**ماددەی ١٨:**

هاوڵاتیان لەبەردەم یاسا، لەماف و ئەرکدا یەکسانن، بەبێ جیاوازیی لە نێویان بە هۆی ڕەگەز، نێر و مێ، ڕەنگ، زمان، پێگەی کۆمەڵایەتیی، ئایین، ئایینزا، باری ئابووریی، باری کۆمەڵایەتیی، یان ئینتیمای سیاسی و هزریی.

**ماددەی ١٩:**

PDF 4 KURD

هەموو کەسێك ماف ژیان و ئاسایش و ئازادیی هەیەو نابێ کەس لەم مافانە بێبەش، یان سنووردار بکرێت، مەگەر بەپێی یاسا و بەبڕیاری لایەنێکی دادوەریی تایبمەند بێت.

**ماددەی ٢٠:**

ڕەخساندنی هەلی بە یەکسانیی بۆ هەموو هاوڵاتیانی هەرێم مافێکی دەستەبەرکراوە، دەسەڵاتەکانی هەرێم دەبێ ڕێکاری پێویست بۆ بەدیهێنانیان بگرنەبەر.

**ماددەی ٢١:**

ئافرەت یەکسانە لەگەڵ پیاو و نابێ جیاوازیی لەدژی بکرێت و حکومەتی هەرێم هەموو ئەو مافەمەدەنی و سیاسییانەی لەم دەستوورە و لەو پەیمان و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیانەدا هاتوون کە دەوڵەتی عێراق پەسەندی کردوون، دەستەبەر دەکات، هەروەها دەبێ هەر شتێك بە بەربەست دابندرێت لەبەردەم یەکسانییان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئـابووری و سیاسییدا، لابەرێت.

**ماددەی ٢٢:**

یەکەم: فێرکردن مافێکە حکومەتی هەرێم، بۆ گشت هاوڵاتیەك دەستەبەری دەکات، بەبێ جیاوازی و قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەوزیمی دەبێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بەنەهێشتنی نەخوێندەواریی لەنێو سەرجەم تەمەنەجیاوازەکاندا، بەنێر و مێوە.

دووەم: حکومەتی هەرێم خوێندن بە خۆڕایی لە هەموو قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆیی و خوێندنە پیشەیی و تەکنیکییەکاندا دەستەبەر دەکات و پابەندیش دەبێت بە گەشەپێدان و هاندانی توێژینەوەی زانستیی، بۆ مەبەستی ئاشتیانە و مەدەنییانەو چاودێریی سەرکەوتن و داهێنان و نوێکاریی و هەموو دیاردەیەکی بلیمەتیی دەکات.

سێیەم: خوێندنی تایبەتی و ئەهلی، بە یاسا ڕێك دەخرێت.

**ماددەی ٢٣:**

PDF 4 KURD

یەکەم: هاوڵاتیانی هەرێم مافی بەشدارییکردنیان هەیە، ڕاستەوخۆ یان، لە ڕێی نوێنەرەهەڵبژێردراوەکانیانەوە، لەبەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بە شێوەیەکی ئازادانە، هەروەها مافی بەشدارییکردنیان لە هەڵبژاردنەگشتییەکان و ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنی ئەنجومەنەخۆجێیەکان و شارەوانی و دەستەئەهلیەکاندا هەیە، لەگەڵ وەرگرتنی پۆستە گشتییەکان بە یەکسانی، بەپێی ئەو مەرجانەی یاسا دەستنیشانیان دەکات و لەسەر بنەمای ڕەخساندنی هەلی یەکسان.

دووەم: لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردسان–عیراق و ئەنجومەنی خۆجێیی و شارەوانییەکاندا ڕێژەیەك بۆ ژنان تەرخان دەکرێت کە لە ٢٥٪ی کورسیەکان کەمتر نەبێت.

**ماددەی ٢٤:**

سزادان کەسییە، ئازادی و شکۆمەندیی مرۆڤ پارێزراون.

**ماددەی ٢٥:**

نە تاوان هەیەو نە سزا، مەگەر بەپێی دەقێکی یاسایی نەبێت، هیچ کردەوەیەکیش بەر سزادان ناکەوێت ئەگەر لە کاتی ئەنجامدانیدا لە یاسادا بە تاوان دانەنرابێت و ناکرێت سزایەکی توندتر لەو سزایەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بەرکارە، بە سەر تۆمەتباردا جێبەجێ بکرێت.

**ماددەی ٢٦:**

دادوەریی لەبەردەم دادگایەکی تایبەتمەندا، مافێکی پارێزراو و دەستەبەرکراوەبۆ هەموو هاوڵاتیان.

**ماددەی ٢٧:**

تۆمەتبار، بێتاوانە تا ئەو کاتەی لە دادگاییکردنێکی دادپەروەری یاساییدا، تاوانەکەی دەسەلمێنرێت.

**ماددەی ٢٨:**

مافی داکۆکیکردن لەخۆ، پیرۆزە و لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردندا، بەپێی حوکمەکانی یاسا.

**ماددەی ٢٩:**

هەموو کەسێك لەرێکاری دادوەریی و کارگێڕییدا، ماف ئەوەی هەیەبەدادپەروەریی ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت و نابێ ڕەفتاری خراپ یان بەکارهێنانی ئەشکەنجەی جەستەیی، دەروونی، یان هەڵس و کەوتی نامرۆڤانەی لەگەڵدا بەکار بێت و دانپێدانانی بەزۆر یان بەهەڕەشەیان بە هۆی ئەشکەنجەدانەوە یان بەڵێنپێدان و ترساندن، بەهەند وەرناگیرێت، زیانلێکەوتووش دەتوانێت داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە جەستەیی و دەروونییەبکات کە لێی کەوتووەو ڕاددەی ئەو قەرەبووکردنەوەیەبەپێی یاسا دیاریی دەکرێت.

**ماددەی:٣٠**

یاسا کاریگەریی بۆ رابردوو نییە، ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانەنەبێت، بەڵام ئەم بەدەریەئەو یاسایانەی تایبەتن بە باج و (رەسم)، ناگرێتەوە.

**ماددەی:٣١**

یاسای سزادان کاریگەریی بۆ رابردوو نابێت، تەنیا مەگەر پتر لە بەرژوەندیی گومانلێکراودا بێت.

**ماددەی:٣٢**

لایەنی لێکۆڵینەوەدەبێ دۆسیەی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی بخاتە بەردەم دادوەری تایبەتمەند، لەماوەیەکدا کە لە بیست و چوار کاتژمێر تێپەڕ نەکات، لەو کاتەیەوە کە تۆمەتبار دەستگیر دەکرێت، ئەو ماوەیەش لەیەکجار زیاتر درێژ ناکرێتەوە و دەبێت بۆ هەمان ماوەش بێت.

**ماددەی:٣٣**

یەکەم: کەس گل نادرێتەوە و کەسیش بەبێ فەرمانی لایەنێکی دادوەریی تایبەتمەند، دەستگیر یان بەند یان زیندانیی ناکرێت، ئەویش بە گوێرەی یاسا دەبێت.

دووەم: دەستگیرکردن، بەندکردن، یان زیندانییکردن لە دەرەوەی ئەو جێگایانەی کە بەپێی یاسا بۆ ئەو مەبەستە دیاریی کراون، قەدەغەیە و دەبێت ئەو جێگایانەش بەر چاودێریی تەندروستی و کۆمەڵایەتیی بکەون و لە ژێر دەسەڵاتی دەزگا حکومییەکاندا بن.

PDF 4 KURD

**ماددەی:٣٤**

دادگا لەسەر خەرجیی حکومەت لە هەردوو قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردندا، پارێزەرێك دادەنێت بۆ داکۆکیکردن لە تۆمەتبار بەئەنجامدانی تاوان یان کەتن، ئەگەر پارێزەرێکی نەبێ داکۆکی لێبکات.

**ماددەی:٣٥**

یەکەم: نشینگە و ئەو شوێنانەی هاوشێوەی ئەون ڕێزیان لێدەگیرێت، پێشێلکردن یان چوونەناویان، پشکنین، یان چاودێرییکردنیان دروست نییە، تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کەیاسا دەستنیشانی کردوون.

دووەم:بەپێی یاسا نەبێت هیچ کەس یان شتوومەکەکەی ناپشکێندرێت.

**ماددەی:٣٦**

ئەو کەسەی دەستگیر دەکرێت دەستبەجێ دەبێ لە هۆکاری دەستگیرکردنەکەی ئاگادار بکرێتەوە، هەروەها دەبێت، یەکسەر لەو تۆمەتەی ئاڕاستەی دەکرێت، ئاگادار بکرێتەوە.

**ماددەی:٣٧**

نابێ زیندانیی بە هۆی توخمی، ڕەنگی، ڕەگەزی، ئایینی، بیر و بۆچوونی سیاسی، بنەچەی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، سامانی، شوێنی لەدایکبوونی، یان هەر هۆیەکی دیکە، هەڵس و کەوتی جیاوازی لەگەڵدا بکرێت.

**ماددەی:٣٨**

ڕێز لەباوەڕی ئایینی و بنەمای ڕەوشتیی ئەو پێکهاتەی زیندانیی لێوەی هاتووە، دەگیرێت.

**ماددەی:٣٩**

پێشکەشکردنی داواکاری و سکاڵا بە دەزگاکانی هەرێم مافێکی ڕەوای هاوڵاتیانەو پێویستەدەسەڵاتداران لە ماوەیەکدا کەلە پانزە ڕۆژ تێپەڕ نەکات، بڕیاری لەسەر بدەن و وەرنەگرتنیان لەبەر هەر هۆیەك بێت، یان بڕیار لەسەرنەدانیان بەبێ پاساوێکی ڕەوا تووشی لێپرسینەوەی یاساییان دەکات.

**ماددەی:٤٠**

پەنابەری سیاسیی بە زۆر نادرێتەوە بەو وڵاتەی لێوەی هەڵاتووە.

**ماددەی:٤١**

حکومەتی کوردستان–عێراق ڕێزگرتنی خانەوادەی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و پێشمەرگەو خانەوادەی قوربانییانی ئەنفال و بۆردومانی کیمیایی و ئەوانەی بە هۆیانەوەتووشی کەمئەندامیی بەردەوام بوونە، لە ئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی:٤٢**

ڕێگەبە هیچ کیان یان ڕێبازێك نادرێت بیری شۆڤینی، فاشی، ڕەگەزپەرستی، تیرۆریستی، بەکافردانان، پاکتاوی نەژادیی یان تایفەگەریی بگرێتەبەر، هەروەها هاندەریان بێت، یان ڕێگا خۆشکەرییان بۆ بکات، یان بەشکۆمەندییەوە تەماشایان بکات، یان پڕوپاگەندەیان پاساویان بۆ بهێنێتەوە. دەزگاکانی کوردستان– عیراقیش پابەند دەبن بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە هەموو شێوەکانیەوەو کاردەکەن بۆ پاراستنی خاکی هەرێم لەوەی ببێتە بارەگایان یان ڕێگەی پەڕینەوەیان یان گۆڕەپانی چالاکییەکانیان.

## بەشی دووەم

## مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان

**ماددەی :٤٣**

کارکردن مافی هەموو هاوڵاتییەکە و پێویستەهەلی بەدەستهێنانی بژێویی بۆ فەراهەم بکرێت بە ئەنجامدانی ئەو کارەی خۆی هەڵیدەبژێرێت و بەئازادیی خۆی دەیەوێت.

**ماددەی:٤٤**

حکومەتی هەرێم بەرنامەی ئاڕاستەکردن و ڕاهێنانی هونەری و پیشەیی بۆ پەیداکردنی دەرفەتی کار دەستەبەر دەکات.

**ماددەی:٤٤**

کرێکار مافی کرێی یەکسانی بەرامبەر بەکاری یەکسان هەیە، بەیاساش پێوەندیی کرێکار و خاوەنکار لەسەر بنەما ئابوورییەکان ڕێك دەخرێت و پێویستە ڕێسای دادپەوەریی کۆمەلایەتی و پاراستنی کرێکاران لەچەوساندنەوە رەچاو بکرێت.

**ماددەی:٤٦**

کرێکاران مافی یەکسانییان لە بەدەستهێنانی هەل و دەرفەتی بەرزبوونەوەبۆ پلەی بالاتر و گونجاو هەیە، بێ رەچاوکردنی هیچ شتێك جگە لە سالانی خزمەت و توانایی کەسەکە.

**ماددەی:٤٧**

حکومەتی هەرێم مافی دامەزراندنی سەندیکا و یەکێتییەپیشەییەکان، بەشێوەیەکی ئازادانە و چوونەپالیانەوەمسۆگەر دەکات، ئەمەش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

**ماددەی:٤٨**

خاوەندارێتیی (مولکداریەتیی) تایبەت پارێزراوە، نابێ لە کەس بسەندرێت تەنیا بۆ مەبەستی سوودی گشتی و بەقەرەبووکردنەوەیەکی دادپەروەرانەی خێرا نەبێت، کەبەر لە دەستبەرداربوونی لەمولکەکەی، یان لە کاتی دەستبەسەر گرتنیدا پێی دەدرێت، ئەمەش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

**ماددەی:٤٩**

خێزان یەکەی کۆمەلایەتی سروشتی و بنچینەییە لەکۆمەلگەدا و مافی خۆیەتی حکومەت و کۆمەلگەپارێزگاریی لێبکەن بۆیە:

یەکەم: نابێ گرێبەستی هاوسەرێتیی مۆربکرێت بەڕەزامەندیی تەواوی هەردوو لایەنی هاوسەرێتیەکەنەبێت و بەبێ زۆرلێکردن.

دووەم: حکومەت پاراستنی دایکایەتی و مندالێتی و پیریەتی لەئەستۆ دەگرێت و ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاریی بۆ کاروباری خێزان دادەمەزرێنێت.

سێیەم: مندالان مافی پەروەردە و سەرپەرشتییکردن و فێرکردنیان بەسەر باوك و دایکیانەوەهەیە، باوك و دایکیش مافی ڕێزلێگیران و چاودێرییان بەسەر

PDF 4 KURD

منداڵەکانیانەوەهەیە، بەتایبەتی لە حاڵەتی دەستکورتی و پەککەوتەیی و پیربووندا.

چوارەم: چەوساندنەوەی منداڵ لە ڕووی ئابوورییەوە قەدەغەیە، حکومەتی هەرێم ڕێکاری پێویست بۆ پارێزگارییکردنیان دەگرێتەبەر.

پێنجەم: هەموو شێوەیەکی جیاوازی و توندوتیژی و (تعسف) ناحەقی لە ناو کۆمەڵ و قوتابخانە و خێزاندا قەدەغەیە.

شەشەم: حکومەتی هەرێم دامەزراندنی خانەی تایبەت بەچاودێرییکردن و پاراستنی ئەو ئافرەتانە دەستەبەر دەکات کەبە هۆکاری کۆمەڵایەتییەوە ئارامیی خێزانیان لەدەست داوە.

**ماددەی:٥٠**

هەموو هاوڵاتییەك ماف چاودێریی تەندروستی هەیەو دەبێ حکومەتی هەرێم شێوازی پارێزگارییکردن و چارەسەرکردنی دەستەبەر بکات و بە گوێرەی تواناشی، ماف ئەو کەسانە دابین دەکات کەبە هۆی بارودۆخێکەوەکە لە دەستخۆیاندا نەبووە، سەرچاوەی بژێوییان لەدەست داوە و لەحاڵەتی نەخۆشی و پەککەوتەیی و پیریەتی و بێوەژنی و بێوەمێردیدا.

**ماددەی:٥١**

یەکەم: حکومەتی هەرێم پابەندە بە بایەخدان بە تەندروستی گشتیی، بەدروستکردنی نەخۆشخانەو دامەزراوە تەندروستییەکان و خانەی چاودێریی کۆمەڵایەتیی بۆ بەساڵاچوان و شێوازی خۆپاراستن و چارەسەرکردنیش دەستەبەر دەکات.

دووەم: تاکەکەس و دەزگا ئەهلییەکان دەتوانن نەخۆشخانەو خانەی چارەسەریی تایبەت دروست بکەن لەژێر چاودێریی دەزگا تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێم، ئەوەش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

**ماددەی:٥٢**

PDF 4 KURD

یەکەم: کەمئەندام مافێکی ڕەسەنی خۆیەتی کە ڕێز لە مرۆڤایەتیی بگیرێت، هەروەها هەرچییەك هۆی کەمئەندامبوونی بێت و لە هەر ئاستێکدا بێت، هەمان ئەو مافەبنەڕەتیانەی هاوڵاتیانی هاوتەمەنی خۆی هەیەو مافی خۆیەتی ژیانێکی شایستە کە بەپێی توانا سروشتی بێت، بەسەر بەرێت.

دووەم: کەمئەندام مافی چارەسەرکردنی پزیشکی و دەروونی و فێربوون و دامەزراندن و سوودوەرگرتن لەئەندامی دروستکراو و ئامێری توانابەخش و هەموو ئەو شتانەی هەیە، کەگەشەبە توانا و لێهاتوویی دەدەن تا ئەوپەڕی توانا بۆ ئەوەی تێکەڵ بەکۆمەڵگەی بکاتەوە.

سێیەم: کەمئەندام مافی خۆیەتی لەسەرجەم قۆناغەکانی پلاندانانی ئابووری و کۆمەڵایەتییدا، پێداویستیە تایبەتییەکانی لە بەرچاو بگیرێت.

چوارەم: کەمئەندام مافی خۆیەتی بپارێزرێت لە هەر چەوسانەوەیەك، یان لە هەر سیستەمێك، یان مامەڵەیەك کە سروشتێکی جیاکاریی یان ناحەقیی تێدابێت، یان لە شکۆداریێتیی کەمبکاتەوە.

پێنجەم: حکومەتی هەرێم بایەخدان بەزمانی ئاماژەو نووسین بە ڕێگەی "برایڵ" بۆ ئەو کەسانەی بە هۆی کەمئەندامێتیی لەشیانەوە پێویستیان پێیەتی، لە ئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی:٥٣**

حکومەتی هەرێم چاودێریی زانکۆکانی کوردستان و پارێزگاریی حەرەم و پێگەی کەسایەتیی مەعنەویان، لە چوارچێوەی یاسادا، لەئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی:٥٤**

یەکەم: حکومەتی هەرێم چاودێرییکردنی زانست و ئەدەب و هونەر و هاندانی توێژینەوەی زانستیانە لە ئەستۆ دەگرێت.

دووەم: هەموو کەسێك مافی خۆیەتی بەشداریی لەژیانی ڕۆشنبیرییدا بکات و سوود لەپێشکەوتنەزانستییەکان و پیادەکردنیان ببینێ و سوود لە پارێزگاریی یاسایی لەوبەرژەوەندییە ماددی و مەعنەویانەی بەدیهاتوون لە هەر کارێکی زانستی یان هونەری یان ئەدەبیی خۆی، وەربگرێت.

PDF 4 KURD

سێیەم: هەموو کەسێك مافی خۆیەتی لە لێکۆڵینەوەی زانستی و چالاکیی داهێنەرانە ئازاد بێت.

چوارەم: حکومەتی هەرێم پارێزگارییکردن لەمافی موڵکداریێتیی داهێنان و ڕەنگرێژی و نموونە و نیشانەی تۆمارکراو و ناوی بازرگانی و کارە ئەدەبی و هونەری و زانستییەکان، لە ئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی: ٥٥**

حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێریی تازەپێگەیشتوان و لاوان لە ئەستۆ دەگرێت، ئەویش بەوەی کە:

یەکەم: لەچەوساندنەوەو لادان بیانپارێزێت.

دووەم: لە گشت بوارەکاندا گەشە بە توانایان بدات و پەرەبە لێهاتووییان بدات و بەهرەکانیان مشتومالْ بکات و هانی چالاکیەکانیان بدات.

سێیەم: لە رووی پەروەردەکاریەوە ئامادەیان بکات و بەها ڕەوشتی و نیشتمانییەڕەسەنەکانیان تێدا پتەو بکات و گیانی دەستپێشخەری و وشیارییان بە کەلتووری مێژوویی و تێکۆشان و مرۆیانەی نەتەوەکەیان تیادا بچەسپێنێت.

چوارەم: بوار لەبەردەمیاندا بڕەخسێنێت تاکو بەهرەکانیان لەبەشدارییکردنی پرۆژەی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییدا بەگەڕ بخرێن.

پێنجەم: دانانی بەرنامەو پلان تا بەرپرسیاریەتی بگرنە دەست و ڕۆڵی خۆشیان لەکۆمەڵگەدا بگێڕن.

شەشەم: هانی دەستپێشخەریەتاکەکەسی و بەکۆمەڵەکان بدات و بایەخ بەداهێنانەکانیان بدات و بنکەی پێویست دابمەزرێنێت بۆ چاودێری و پشتگیرییکردنی ماددی و مەعنەوییان.

حەوتەم: گیانی هاریکاریی و هەرەوەزیی و پیادەکردنی دیموکراسییانە لەنێویاندا هان بدات و هۆکارەکانی سوودوەرگرتن لەکاتی دەستبەتاڵییان بۆ دەستەبەر بکات بەشێوەیەك کە بەرهەمهێنەر بێت و توانا و شارەزاییان مشتومالْ بکات.

**ماددەی: ٥٦**

PDF 4 KURD

وەرزشکردن مافی هەموو هاوڵاتییەکەو دەبێ حکومەتی هەرێم هانی چالاکییەوەرزشییەکان بدات و پێداویستییەکانی دابین بکات.

**ماددەی: ٥٧**

یەکەم: پارێزگارییکردن لە ژینگە (زەوی، ئاو، هەوا، ڕووەك و زیندەوەران) بەرپرسیاریەتیی هەموو کەسەسروشتی و مەعنەویەکانە، ئەوەی زیان بە هەریەکە لەوانە بگەیەنێت، بەرپرسیار دەبێت لە چاککردنەوەی، جگە لە بەرپرسیارێتیی سزایی، بەپێی یاسا.

دووەم: هاوڵاتی مافێکی بنەڕەتی هەیەلە ئازادی و یەکسانیدا و لەبارودۆخێکی بژێویی گونجاو و کەشێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەوتۆدا کەژیانێکی شەرەفمەندانە و خۆشگوزەرانی بۆ دابین بکات و ئەرکی سەرشانیەتی ژینگەبپارێزێت و باشتری بکات بۆ بەرژەوەندیی نەوەکانی ئێستا و ئایندەش.

سێیەم: چارەسەرکردنی سەرچاوەکانی پیسکردنی ژینگە و کەمکردنەوەیان لەئەستۆی حکومەتی هەرێمە، لە پێناو ئەوەشدا تێدەکۆشێت بۆ پەرەپێدانی دارستان و پاراستنی و بەرفراوانکردنی پانتاییان و پاراستنی ناوچەو پشتێنەی سەوزی ناو شار و دەوروبەری شارەکان و پەرەپێدان و فراوانکردنی دروستکردنی باخچەگشتییەکان و پاوانە سروشتییەکان، بۆ پاراستنی گیانەوەرەکان و گیاو بەروبوومی سروشتی و نەهێشتنی بنیاتنانی ساختمان و دامەزراوەکان و بەکارهێنانی ئامێر و مەکینەکان لەپاوانە سروشتییەکاندا.

**ماددەی: ٥٨**

دەبێ حکومەتی هەرێم ڕێکاری پێویست بگرێتە بەر بۆ پاراستنی بەکاربەر (مستهلك) و هانی بەکاربەران بدات بۆ ئەوەی بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن بە هێنانەکایەوەی ڕێگا یاساییەکان بۆ دامەزراندنی یەکێتی و کۆمەڵەکانی تایبەتمەند بەم مەبەستە.

## بەشی سێیەم

## ئازادییەکان

**ماددەی: ٥٩**

PDF 4 KURD

هەموو کەسێك ماف لە ئازادیی را و ڕادەربڕین هەیە.

**ماددەی:٦٠**

حکومەتی هەرێم ئازادیی بڵاوکردنەوە و چاپ و ڕۆژنامەگەریی و مافی کۆبوونەوەو خۆپیشاندان و مانگرتنی ئاشتییانە دەستەبەر دەکات، ئەمەش بەیاسا ڕێك دەخرێت.

**ماددەی:٦١**

ئازادیی گەیاندن و نامەگۆڕینەوە بە پۆست و بروسکەو تەلەفۆن و نامەی ئەلیکترۆنی و ئەوانی تر پارێزراوەو نابێت چاودێریی بکرێن یان گوێیان لێبگیرێت یان ئاشکرا بکرێن، تەنیا لەبەر پێویستییەکی یاسایی یان ئاسایشیدا نەبێت، ئەویش بە بڕیارێکی دادوەریی.

**ماددەی:٦٢**

هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە سەفەرکردن یان نیشتەجێبوون لە دەرەوەی هەرێم و گەڕانەوەیاندا، ئازادن.

**ماددەی:٦٣**

هەر کەسێك بەشێوەیەکی یاسایی لە هەرێمدا بێت مافی هاتوچۆکردنی بە شێوەیەکی ئازادانە هەیە و لەدیارییکردنی شوێنی نیشتەجێبوونیدا ئازادەو ناشبێت ئەو مافەسنووری بۆ دابنرێت، تەنیا لەبەر پێویستیی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یان دابونەریتی گشتیی یان تەندروستی گشتیی یان ماف و ئازادیی کەسانی دیکەنەبێ، بەپێی یاسا.

**ماددەی:٦٤**

حکومەتی هەرێم پابەندە بە پتەوکردنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پشتگیرییکردنیان و پەرەپێدانیان و پاراستنی سەربەخۆییان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، ئەویش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

**ماددەی:٦٥**

ئایین بەزۆر نییە، هەموو کەسێك ئازادیی هزر و ئایین و باوەڕی هەیەو حکومەتی هەرێم ئازادیی هاوڵاتیانی کوردستان بەموسڵمان و مەسیحی و ئێزیدی و ئەوانی

PDF 4 KURD

دیکەوە دەستەبەر دەکات، بۆ پیادەکردنی پەرستن و ئەرك و ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیان و ڕێزگرتن لەمزگەوت و کەنیسەو پەرستگاکانی دیکەو پەرەپێدانیان.

**ماددەی: ٦٦**

ڕێگەبە هیچ شێوەبێگارییەك یان کارپێکردنی زۆرەملێیانە یان دەرکردنی بەناحەق (تعسفی) نادرێت و نابێت پەنایان بۆ ببرێت:

یەکەم: وەك شێوەیەك بۆ ناچارکردن، یان ئاڕاستەکردنێکی سیاسیی، یان وەك سزایەك لەسەر بیروڕای سیاسیی، یان بیروڕایەك لە ڕووی مەزهەبیەوە پێچەوانەی سیستەمی سیاسی یان ئابووریی یان کۆمەڵایەتیی باو بێت، یان لەبەر دەربڕینی ئەو جۆرە بیروڕایانەبێت.

دووەم: وەك شێوازێك بۆ کۆکردنەوەی هێزی کارگەر و بەکارهێنانیان بۆ ئامانجەکانی پەرەپێدانی ئابووریی.

سێیەم: وەك سزایەك لەسەر بەشدارییکردن لەپارتەسیاسییەکاندا.

چوارەم: وەك شێوازێك بۆ جیاکاریی ڕەگەزیی، کۆمەڵایەتیی، نەتەوەیی، ئاییینی، ئایینزایی یان سیاسی.

**ماددەی: ٦٧**

یەکەم: ئازادیی دامەزراندنی کۆمەڵەو پارتی سیاسی یان چوونەریزیانەوەدەستەبەرکراوە و بە یاسایەك ڕێك دەخرێت.

دووەم: کەس ناچار ناکرێت بچێتە ناو پارتێك یان کۆمەڵەیەکەوە و ناچار ناکرێت لەئەندامیەتییەکەی بەردەوام بێت یان دەستەبەرداری بێت.

سێیەم: کۆمەڵەو پارتە سیاسییەکان لە بەڕێوەبردنی پێکهاتە و ڕێکخستن و مافی ئەندامەکانیاندا پابەند دەبن بە پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت.

چوارەم: نابێت پارتی سیاسی لقی پارتێکی بیانی، یان سەر بەبەرژەوەندیی و لایەنێکی بیانی بێت.

PDF 4 KURD

پێنجەم: پارت و کۆمەڵەکان لەپەیڕەو و پرۆگرام و پیادەکردندا پابەند دەبن بەبنەماکانی ئەو مافەبنچینەییانەی لەدەستووردا هاتوون و قبووڵکردنی ڕای بەرامبەر و فرەلایەنی و بەکارنەهێنانی توندوتیژی.

شەشەم: ڕێگە بە پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵەو تاکەکەسیش نادرێت لەپێناو بەدیهێنانی دەسکەوتی پارتایەتیی یان هەڵبژاردن یان شتی دیکە، ئایین یان بەشێك لە ناوەڕۆکی کتێبە پیرۆزەکانی، یان ڕێوڕەسمێکی ئایینیی وەك شێوازێك بۆ کەمکردنەوە لە پێگەی سیاسی یان کۆمەڵایەتیی کەسانی دی بەکار بهێنن.

حەوتەم: ئەو کۆمەڵانەی ئامانج و کردەوەکانیان لەگەڵ حوکمی یاسا سزاییەکان ناکۆکن و هەڵوێستێکی دژ بە سیستەمی سیاسیی هەرێم و ژیانی ئاشتیانە و نزیکبوونەوە لەپێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی گەلی کوردستان پەیڕەو دەکەن، قەدەغە دەکرێن.

**ماددەی ٦٨:**

هەموو کەسێك مافی بەشداریکردنی لەکۆبوونەوە و کۆمەڵەئاشتییەکاندا هەیەو ناشێت کۆت لەسەر ئەم مافەدابنرێت، بەپێی یاسا نەبێت.

**ماددەی:٦٩**

بەڵێننامەو پەیماننامە و ئاگادارییەنێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ کەپێشتر لە لایەن عێراقەوەپەسند کراون، یان دواتر دەچێتە ڕێزیانەوە، تەواوکەری ئەم دەستوورەن.

**ماددەی:٧٠**

بیانیەکان لەو ماف و ئازادیانە سوودمەند دەبن، کە لەبەڵێننامە و پەیماننامە و ڕێککەوتننامەنێودەوڵەتییەکان، کە بڕیاریان لەسەر دراوە و کۆماری عێراقی فیدراڵ پەسەندی کردوون، لە بەرامبەریشدا ئەو ئەرکانەی تێیاندا هاتوون لەئەستۆیان دەبن.

**ماددەی:٧١**

PDF 4 KURD

کۆت، یان سنووردانان لەبەردەم پیادەکردنی هەر ماف و ئازادییەك کە لەم دەستوورەدا هاتووە بەیاسا نەبێت دروست نییە، ئەویش بە مەرجێك ئەو کۆت و سنووردانانە کار نەکاتەسەر کرۆکی ماف یان ئازادیەکە تەنها بەو راددەیەکەکۆمەڵگایەکی بنیاتنراو لەسەر بنەمای دیموکراسی و شکۆمەندی و یەکسانی و ئازادی و دادپەرەرانە قبوڵی بکات.

## بەشی چوارەم
## ئـــەرکـــەکـــان

**ماددە:٧٢**

بەرگرییکردن لەنیشتمان و سەلامەتیی خاکەکەی و پاراستنی دەزگا دەستوورییەکانی و پارێزگاریی لە یەکێتیی نیشتمانیی و پابەندبوون بەشکۆمەندیەنموونەییەکانی خەباتی گەلی کوردستان لەپێناو ئازادی و دیموکراسی، ئەرکێکی پیرۆزە لەسەر شانی هەموو هاولاتیەك.

**ماددەی:٧٣**

پابەندبوون بەدەستوور و یاساکان رەچاوکردنی سیستەمی گشتی ئەرکێکە لەسەر شانی هەموو هاولاتیانی هەرێمدایە.

**ماددەی:٧٤**

رێزگرتن و بەرزڕاگرتنی سیمبولەکانی بزاڤی ئازادیخوازی کوردیی و شۆڕش و شەهیدەکانی و پاراستنی شکۆمەندیی کەس و کاریان و پێشمەرگە دێرینەکان و خەباتگێڕان و بەشداربووان تیایدا ئەرکێکی پیرۆزەلەسەر حکومەت و هاولاتیانی کوردستان.

**ماددەی:٧٥**

پێویستەلەسەر هەر هاولاتیەك موڵکی گشتی و سامانی گشتی بپارێزێت، رێز لە ماڤ موڵکایەتیی کەسانی دیکەش بگرێت.

**ماددەی:٧٦**

PDF 4 KURD

دەبێ هەموو کەسێك هاوکاری لە خەرجی گشتیدا بکات لە ڕێگەی ئەو باج و ڕەسمانەی لەسەریەتی بەپێی یاسا.

**ماددەی:٧٧**

دەبێ ئەوەی پۆستێکی فەرمی یان فەرمانبەرایەتیەکی گشتیی دەگرێتە ئەستۆ، ئەرکەکانی جێبەجێ بکات بەبەرزەفتکاری و دەستپاکی و شەرەفەمەندیەوە.

## دەروازەی سێیەم

## دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی:٧٨**

دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان–عیراق پێکهاتوون لە:

یەکەم: دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمانی کوردستان).

دووەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

سێیەم: دەسەڵاتی دادوەریی.

### یەکەم: دەسەڵاتی یاسادانان ( پەرلەمانی کوردستان )

**ماددەی:٧٩**

پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی یاسادانانە لە هەرێمدا و ژێدەری (مەرجعی) بڕیاردانە لەسەر کێشەچارەنووسسازەکانی گەلی هەرێمی کوردستان و ئەندامەکانی نوێنەرانی گەلن و بەدەنگدانێکی گشتیی و ئازاد و نهێنی و ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن.

**ماددەی:٨٠**

یەکەم: شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان– عێراق و چۆنیەتیی ئەنجامدانی و دیارییکردنی کاتەکەی و ڕێژەی نوێنەرایەتی لە پەرلەمان و مەرجەکانی دەنگدەر و ئەندام بەپێی یاسا دیاریی دەکرێن.

دووەم: لەپێکهاتەی پەرلەماندا نوێنەرایەتیی دادپەروەرانەبۆ نەتەوەکانی هەرێمی کوردستان ڕەچاو دەکرێت.

PDF 4 KURD

سێیەم: ئەندامی پەرلەمان نوێنەری گەلی کوردستان– عێراقە، بە هەموو پێکهاتە نەتەوایەتی و سیاسی و ئایینیەکانەوەبەبێ ڕەچاوکردنی ئینتیما یان ناوچەی هەڵبژاردن.

**ماددەی:٨١**

یەکەم: خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان چوار ساڵەو لەڕۆژی یەکەمین کۆبوونەوەیەوە دەست پێدەکات.

دووەم: لە ماوەی پانزەڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی دوائەنجامەکانی هەڵبژاردندا، بەداوای سەرۆکی هەرێم، پەرلەمان کۆ دەبێتەوە، ئەگەر داوای کۆبوونەوەی لێنەکرا، ئەوا لەکاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی دوای کۆتایی ماوەکە، خۆی کۆ دەبێتەوە.

**ماددەی:٨٢**

پەرلەمان یەکەم دانیشتنی بەسەرۆکایەتیی بەتەمەنترین ئەندامی دەبەستێت و بەدەنگدانی نهێنی، سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری گشتیی هەڵدەبژێردرێن.

**ماددەی:٨٣**

ئەندامی پەرلەمان بەر لە دەستبەکاربوونی، ئەم سوێندەی خوارەوە دەخوات:

"سوێند بەخوای گەورە دەخۆم کەبەرژەوەندیی گەلی کوردستان و یەکێتیی و شکۆمەندیی و ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیانی بپارێزم و ئەرکی ئەندامێتی بەڕاستگۆیی و دڵسۆزیی بەجێ بگەیێنم".

**ماددەی:٨٤**

ئەندامی پەرلەمان لە ڕۆژی سوێندخواردنی دەستوورییەوە بە دەست لەکارکێشایەوەلەفەرمانبەرێتیی خۆی دادەندرێت و دوای کۆتایی هاتنی ماوەی ئەندامێتیی لەپەرلەمان، ماڤ گەڕانەوەی هەیە بۆ سەرکاری خۆی یان کارێکی نزیك لەکاری جارانی و ماوەی ئەندامێتیی لە پەرلەماندا بۆ مەبەستی زیادبوونی مووچە و پلەداری و بردنەپێش و خانەنشینی، دەژمێردرێت.

**ماددەی:٨٥**

PDF 4 KURD

نابێ ئەندامێتیی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامێتیی لە پەرلەمانی فیدراڵ یان لەئەنجومەنەخۆجێیەکان، یان شارەوانییەکان، یان فەرمانبەرێتیی گشتی کۆبکرێنەوە.

**ماددەی:٨٦**

پەرلەمان لە ساڵێکدا دوو خولی چوار مانگیی دەبەستێت و پەیڕەوی ناوخۆی چۆنیەتیی بەستنەکەی دیاریی دەکات و ئەو خولەی کەبودجەی گشتیی تیادا دەخرێتە بەرچاو، تا پەسەندی نەکات، کۆتایی نایەت.

**ماددەی:٨٧**

دەکری خولی بەستنی پەرلەمان لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان بیست و پێنج ئەندامی پەرلەمان بۆ ماوەیەك کە لە سی (٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت، درێژ بکرێتەوە، بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی پێویستیان بەماوەکە هەیە.

**ماددەی:٨٨**

ڕێژەی ئامادەبوونی یاسایی (نیساب) لەپەرلەماندا بەئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دێتەدی و بڕیارەکانی بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبوان دەردەچن، ئەگەر دەقێکی پێچەوانە لەیاسادا نەبێت و، ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون ئەوا بەو لایەدا دەشکێتەوە کە سەرۆکی پەرلەمان دەنگی پێداوە.

**ماددەی:٨٩**

بۆ دە (١٠)، یان پتر لەئەندامانی پەرلەمان هەیە پێشنیازی پرۆژەی یاسا یان بڕیارێك پێشکەش بکەن.

**ماددەی:٩٠**

یەکەم: ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە پرسیار لەسەرۆك وەزیران یان لەجێگرەکەی بکات سەبارەت بەو کارانەی تایبەتن بە ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێك لە وەزارەتەکان، یاسای پەرلەمان و پەیڕەوی ناوخۆی ئەو ڕێکستنەی دەگرنەئەستۆ.

PDF 4 KURD

دووەم: دە(١٠) لەئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە لەسەرۆك یان لەئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بپرسنەوە، گفتوگۆ لەسەر لێپرسینەوەکەپاش هەشت ڕۆژ، لە ڕۆژی گەیشتنی داواکە بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ئەنجام دەدرێت و ئەگەر لێپرسینەوەکە داوای متمانەکێشانەوە لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یان وەزیرێکی لێکەوتەوە، ئەوا متمانەکێشانەوە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەرەزامەندیی دوو لەسەر سێی (٢/٣)ی ئەندامانی پەرلەمان دەبێت، بۆ وەزیریش بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دەبێت.

**ماددەی:٩١**

ماف و ئیمتیازەکانی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری و سکرتێری گشتیی و ئەندامانی پەرلەمان، بە یاسا دیاریی دەکرێن.

**ماددەی:٩٢**

یاسای پەرلەمان و پەیڕەوی ناوخۆی، درێژەی چۆنیەتیی کارکردن لەپەرلەمان و بەستنی دانیشتنە ئاسایی و نائاساییەکان و حاڵەتی کۆتاییهێنانی ئەندامیەتیی و چۆنیەتیی پڕکردنەوەی کورسیەچۆڵەکان دیاریی دەکات.

**ماددەی:٩٣**

پەرلەمان ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەپیادەدەکات:

یەکەم: بڕیاردان لەسەر کێشەچارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان– عێراق.

دووەم: پەسندکردنی پێشنیازی هەموارکردنی دەستووری هەرێم، بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی (٢/٣)ی ژمارەی ئەندامانی، بە مەرجێك لەمافە سەرەکی و ئەو ئازادیانەکەم نەکاتەوەکە تێیدا هاتوون.

سێیەم:

أ) دانانی یاسای تایبەت بە هەرێم و هەموارکردنیان و پووچەڵکردنەوەیان.

ب) هەموارکردنی شێوەی جێبەجێکردنی ئەو یاسا فیدراڵیانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتە دیارییکراوەکانی حکومەتی فیدراڵین.

ج) دانانی ئەو یاسایانەی کەپێوەندییان بەدەسەڵاتەهاوبەشەکانی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەوەهەیە.

چوارەم: لادانی سەرۆکی هەرێم یان جێگرەکەی، بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان، ئەویش دوای خەتاباركردنی لەلایەن دادگای دەستووریی كوردستانەوە، لەیەكێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

أ) كاركردن به پێچەوانەی سوێندی دەستوویری.

ب) پێشێلكردنی دەستوور.

ج) ناپاكیی (خیانەتی) گەورە.

پێنجەم: متمانەدان بە حكومەت و ئەندامانی و لێسەندنەوەیان بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان.

شەشەم: بڕیاردان لەسەر سیاسەتە هاوبەشەكانی نێوان حكومەتی هەرێم و حكومەتی فیدراڵ.

حەوتەم: چاودێرییكردنی كارەكانی دەسەڵاتی جێبەجێكردن و لێپێچینەوە لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەكەی و وەزیرەكان بەپێی یاساو پەیڕەوی ناوخۆ.

هەشتەم: پەسندكردنی بودجەی گشتیی هەرێمی كوردستان و ژمێركاریەكۆتاییەكانی و ڕاگوێزان لە نێو بەشەكانی بودجەو پەسەندكردنی هەر خەرجیەك تێیدا باس نەكرابێ.

نۆیەم: پەسندكردنی پلانە گشتییەكانی پەرەپێدان.

دەیەم: دانانی باج و ڕەسم و هەمواركردنی و پووچەڵكردنەوەیان.

یازدەم: یەكلاكردنەوەی دروستیی ئەندامیەتیی لەپەرلەماندا.

دوازدەم: دانانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و دیارییكردنی میلاكی و خەملاندنی بودجەكەی و دامەزراندنی فەرمانبەرانی و دیارییكردنی مووچەكانیان.

سیازدەم: پێكهێنانی لیژنەی هەمیشەیی و كاتیی و لێكۆڵینەوەییەكان لەو كێشانەی بەپێویست دەزانێت.

PDF 4 KURD

**ماددەی ٩٤:**

نابێ پەرلەمان دەستبەرداری دەسەڵاتی یاسادانانی خۆی بێت جگەلەوەی کە لە بڕگەی (حەوتەم)ی ماددەی سەدو چوارەمی ئەم دەستوورەدا هاتووە.

**ماددەی ٩٥:**

یەکەم: ئەندام پەرلەمان (حەسانە)ی پەرلەمانیی هەیەو لەقسەکردنیشیدا ئازادەلەو سنوورەی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دیاریی کراوە.

دووەم: نابێت سنوور بۆ ئازادیی ئەندامی پەرلەمان دابنرێت یان چاودێریی بخرێتە سەر، بەڕەزامەندیی پەرلەمان نەبێت.

سێیەم: نابێ ئەندام پەرلەمان لە کاتی خولی کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا، ڕاوەدوو بنرێت، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، خۆی، ماڵی، یان نووسینگەی بپشکنرێت، یان دەستگیر بکرێت لە لایەن هیچ لایەنێکەوە بەبێ ڕەزامەندیی پەرلەمان، مەگەر لەحاڵەتی تاوانی بینراودا بێت.

چوارەم: ئەندام پەرلەمان لە دەرەوەی خولی کۆبوونەوەکانی، بەبێ ڕەزامەندیی سەرۆکی پەرلەمان، نابێت ڕاوەدوو بنرێت یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، یان، خۆی، ماڵی، یان نووسینگەی بپشکنرێت یان دەسگیر بکرێت، مەگەر لەحاڵەتی تاوانی بینراودا بێت، دەبێ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانیدا، یەکسەر، پەرلەمان ئاگاداربکرێتەوە لەو ڕێکارانەی دەرهەقی کراون.

**ماددەی ٩٦:**

یەکەم: پەرلەمان بۆی هەیە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ژمارەی ئەندامانی، خۆی هەڵوەشێنێتەوە.

دووەم: پەرلەمان بەفەرمانی سەرۆکی هەرێم لەم حاڵەتانەدا هەڵدەوەشێتەوە:

أ. دەست لەکارکێشانەوەی زیاتر لەنیوەی ئەندامەکانی.

ب. ئەگەر لەڕۆژی بانگهێشتکردنی بۆ کۆبوونەوەی بۆ دەستپێکردنی خولی هەڵبژاردنی تا ماوەی چل و پێنج ڕۆژ، ژمارەی یاسایی(نیساب)ی بەدی نەهات.

ج. ئەگەر پەرلەمان متمانەی بەسێ پێکهاتەی وەزاریی پێشنیازکراوی جیاوازی یەك لەدوایەك نەبەخشێت.

PDF 4 KURD

سێیەم: فەرمانیك دەردەچێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەماوەی (١٥) پازدەرۆژ لە رۆژی هەڵوەشاندنەوەیدا و لەماوەی دوو مانگی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی.

**ماددەی:٩٧**

لەحاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، یان کۆتاییهاتنی خولی هەڵبژاردنەکەی، هەڵبژاردنێکی نوێ ساز دەکرێت، ئەویش لەماوەی ئەو پەڕەکەی شەست ڕۆژدا، لەڕۆژی هەڵوەشاندنەوەیەوە، یان لە ماوەی دوو مانگدا بەسەر کۆتاییهاتنی خولی هەڵبژاردنی.

**ماددەی:٩٨**

ئەگەر ماوەی خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان کۆتایی هات و بە هۆی شەڕ یان کارەساتی سروشتی نەتوانرا هەڵبژاردنێکی نوێ ساز بکرێت، پەرلەمان لە ئەرکەکانی خۆی بەردەوام دەبێت تا هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ و بەستنی یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی.

## دووەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن

## یەکەم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان

**ماددەی:٩٩**

یەکەم: هەرێم سەرۆکێکی هەیە بە ناوی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان" کە سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنەو فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەیە (پاسەوانی هەرێم) و نوێنەری گەلی هەرێمە و لەبۆنەی نیشتمانیی و نەتەوەییەکاندا نوێنەرایەتیی هەرێم دەکات و هەماهەنگی لەنێوان دزگاکانی فیدراڵ و دەزگاکانی هەرێمدا دەکات.

دووەم: سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت لە ئەرکەکانیدا هاریکاریی دەکات و لەکاتی ئامادەنەبوونیدا جێگەی دەگرێتەوەو جێگری فەرمانده‌ی گشتیی هێزی پێشمەرگەشە.

PDF 4 KURD

**ماددەی:١٠٠**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەدەنگدانی نهێنیی گشتیی ڕاستەوخۆ، لە لایەن هاولاتیانی هەرێمەوە هەڵدەبژێردرێت.

**ماددە:١٠١**

شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەرجەکانی پالاوتنی و چۆنیەتیی تۆمەتبارکردن و دادگاییکردنی و حاڵەتەکانی کۆتاییهاتنی ماوەی سەرۆکایەتی بە یاسایەك دیاریی دەکرێت.

**ماددەی:١٠٢**

سەرۆکی هەرێم بەر لە دەستەبەکاربوونی ئەرك و فەرمانەکانی ئەم سوێندەدەستووریەی خوارەوەلە بەردەم پەرلەمانی کوردستان- عێراق دەخوات:

"سوێند دەخۆم بەخوای گەورە پارێزگاری لەماف و دەسکەوتەکان و یەکێتی و بەرژەوەندییەکانی گەلی هەرێمی کوردستان بکەم و ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانەئەرکەکانم جێبەجێ بکەم و پابەندی دەستووری کوردستان-عێراق بم".

**ماددەی:١٠٣**

ویلایەتی سەرۆکی هەرێم چوار ساڵەو دەکرێت بۆ ویلایەتێکی دووەم هەڵبژێردرێتەوە.

**ماددەی:١٠٤**

سەرۆکی هەرێم ئەم دەسەلاتانەی خوارەوەپیادەدەکات:

یەکەم: پێشنیارکردنی پرۆژەی یاسا و بڕیارەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان- عێراق.

دووەم: دەرکردنی ئەو یاساو بڕیارانەی پەرلەمانی کوردستان دایان دەنێت، لەماوەی دە (10) ڕۆژ لەرۆژی وەرگرتنیان لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتیەوە، سەرۆك بۆی هەیە توانج لە هەمووی یان لە هەندێکی بدات و ڕەوانەی پەرلەمانیان بکاتەوە بۆ دووبارە چاوپێخشاندنەوەیان، ئەو کاتەبڕیاری پەرلەمان بنبڕ دەبێت لە بارەیەوە و ئەگەر لەماوەی دیارییکراو دەرنەکرا، بەپەسندکرا و دادەندرێت.

PDF 4 KURD

سێیەم: دەرکردنی فەرمانێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی کوردستان–عیراق لە کاتی هەڵوەشاندنەوەیدا، یان بەکۆتاییهاتنی ماوەی خولی هەڵبژاردنی، ئەمەش بەپێی ماددەی ٩٦ی ئەم دەستوورەلەگەڵ رەچاوکردنی ئەو ماوانەی لەماددەکانی ٩٦ و٩٧یدا دیاریی کراون.

چوارەم: دەرکردنی فەرمانی بانگهێشتکردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەستنی یەکەم دانیشتنی خولی هەڵبژاردنی لەماوەی پازدە ڕۆژدا، لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، ئەگەر ئەو بانگهێشتە نەکرێت، ئەوا پەرلەمان خۆی ڕۆژێك دوای تەواوبوونی ئەو ماوەدیارییکراوە، کۆ دەبێتەوە.

پێنجەم: هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی کوردستان– عێراق بە دەرکردنی فەرمان (مەرسوم)، لەو حاڵەتانەی کەلەم دەستوورەیان لەیاسای پەرلەمانی کوردستاندا، دیاریی کراون.

شەشەم: دەست پێلەکارکێشانەوەی وەزیر لەسەر پێشنیاری سەرۆکی وەزیران.

حەوتەم: دەرکردنی هەندێ فەرمان کە هێزی یاساییان هەیە، دوای ڕاگۆڕینەوە و ڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، ئەگەر هەرێمی کوردستان و سیستەمی سیاسیی یان ئاسایشە گشتییەکەی یان دامەزراوە دەستوورییەکانی ڕووبەڕووی مەترسیی تێکدەرانەی ئەوتۆ هاتن کە هەڕەشەلە قەوارەکەی بکات و نەشدەتوانرا پەرلەمان کۆ ببێتەوە، بەمەرجێك ئەو فەرمانانە لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەماندا بخرێنەبەردەمی، ئەگەر نەخرانە بەردەمی یان خران و پەرلەمان پەسەندی نەکردن، ئەوا ئاکاری یاسایی لەدەست دەدەن.

هەشتەم: دەرکردنی لێبوردنی تایبەت بە تاوانباران، بەپێی یاسا.

نۆیەم: پەسندکردنی بڕیاری لەسێدارەدان، یان کەمکردنەوەی بۆ زیندانییکردنی هەتاهەتایی.

دەیەم: ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لەحاڵەتەکانی جەنگ، داگیرکردن، یاخیبوون، پشێویی، کارەساتی سروشتیی، بڵاوبوونەوەی پەتا یان هەر حاڵەتێکی نائاسایی دیکە، بەو مەرجەی ماوەی یەکەمیان لەمانگێك تێپەڕ نەکات و درێژکردنەوەکانی

دواتر بەقایلبوونی پەرلەمان بکرێن و بۆ ماوەیەك بن، کە هەر جارەلە سێ مانگ تێپەڕ نەکات و بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بێت و بەیاسایەك حوکمەکانی تایبەت بە باری نائاسایی ڕێك دەخرێن.

یازدەهەم: بانگهێشتکردنی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کۆبوونەوەی نا ئاسایی لە کاتی پێویستدا و قسەکردن لەبارەی ئەو بابەتە دیارییکراوانەی کۆبوونەوەکەی بۆ بەستراوە و سەرۆکایەتیکردنی ئەو کۆبوونەوەیە.

دوازدەهەم: ڕێگەدان بە هاتنەناوەوەی هێزی چەکداری فیدراڵ بۆ ناو هەرێم لە کاتی پێویستدا، بەقایلبوونی پەرلەمانی کوردستان– عێراق، بە مەرجێك ئەرك و شوێن و ماوەی مانەوەیان دیاریی بکرێت.

سێزدەهەم: سەرۆکی هەرێم، بە ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، بۆی هەیە هێزی پێشمەرگە(پاسەوانی هەرێم) یان هێزی ئاسایشی ناوخۆ بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێت.

چواردەهەم:

أ) پاڵێوراوی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانیی رابسپێرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران لەماوەی سی (٣٠) ڕۆژ لەڕۆژی ڕاسپاردنیەوە.

ب) سەرۆکی هەرێم پاڵێوراویکی دیکەی هەمان فراکسیۆن ڕادەسپێرێت کەوەزارەت پێکبهێنێت ئەگەر پاڵێوراوی یەکەم لەو ماوەی لە برگە (١)ی سەرەوەدا دیاریی کراوە نەیتوانی وەزارەت پێکبێنێت.

ج) لە حاڵەتێك پاڵێوراوی دووەمیش نەی توانی وەزارەت پێکبێنێت، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە کەسێکی دیکەکە پەسەندی دەکات رابسپێرێت وەزارەت پێکبێنێت.

د) دەکرێ ئەوەی ڕادەسپێردرێت بەپێکهێنانی وەزارەت لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان، یان هی دیکە بێت.

پازدەهەم: دەرکردنی فەرمانێك بۆ پەسەندکردنی دەستلەکارکێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرێك، دوای ئەوەی پەرلەمان متمانە لە هەریەکێکیان دەستێنێتەوە.

PDF 4 KURD

شازدەهەم: دەرکردنی فەرمان (مەرسوم)ێك بۆ پەسەندکردنی دەستلەکارکێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرێك و ڕاسپاردنیان بۆ بەردەوامبوون لە ئەرکەکانیاندا، تا پێکهاتنی وەزارەتێکی نوێ.

حەڤدەهەم: دەرکردنی فەرمان (مەرسوم) بۆ دامەزراندنی نوسینگەی تایبەتیی هەرێم بۆ کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و پەرەپێدان لە باڵیۆزخانەو نێردراوە دیپلۆماتەعێراقیەکانی دەرەوەدا.

هەژدەهەم: دامەزراندنی خاوەن پلەتایبەتەکان، پاش کاندیدکردنیان لەلایەن وەزیری تایبەتمەندەوە و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران.

نۆزدەهەم: دامەزراندنی دادوەران و سەرۆك و ئەندامانی داواکاری گشتیی، دوای کاندیدکردنیان لە لایەن ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمەوە.

بیستەم: بەخشینی پلەی سەربازیی بەئەفسەرانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دەرکردن و خانەنشینکردنیان، بەپێی یاسا ڕەچاوکراوەکان.

بیست و یەك: بەخشینی نیشانە و مەدالیای تایبەت، بەپێی یاسا.

**ماددەی:١٠٥**

مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی بەیاسا دیاریی دەکرێت.

**ماددەی:١٠٦**

سەرۆکایەتیی هەرێم دیوانێکی دەبێت، کەپێکهاتەو ئەرکەکانی بە یاسا دیاریی دەکرێن.

**ماددەی:١٠٧**

یەکەم: ئەگەر سەرۆکی هەرێم دەستی لەکار کێشایەوە یان کۆچی دوایی کرد یان تووشی پەککەوتەیی هەمیشەیی هات، سەرۆکێکی تر بە هەمان ڕێگەی کە لەم دەستوورەدا دیاریی کراوە هەڵدەبژێردرێت.

دووەم: ئەگەر پایەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چۆڵ بوو، سەرۆکی پەرلەمان ئەرك و فەرمانەکانی دەبینێ تا سەرۆکێکی نوی بە هەمان شێوەی لەم دەستوورەدا هاتووە، هەڵدەبژێردرێت.

PDF 4 KURD

سێیەم: لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یان وەرگرتنی پشوو، جێگرەکەی ئەرکەکانی بەجێ دەگەیەنێت.

## دووەم: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

**ماددەی:١٠٨**

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و کارگێڕیە لە هەرێمدا و لەژێر چاودێری و ئاڕاستەکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات.

**ماددەی:١٠٩**

یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران لە سەرۆك و جێگرەکەی و وەزیرەکان پێکدێ و بە یاسا پێکهاتەکەی دیاریی دەکرێت.

دووەم: راسپاردنی پاڵاوتە بۆ پێکهێنانی وەزارەت بەپێی حوکمەکانی بڕگەی چواردەهەم لە ماددەی (١٠٤)ی ئەم دەستوورە دەبێت.

سێیەم: سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێردراو لەئەندامانی پەرلەمانی کوردستان یان لەکەسانی دی لەوانەی مەرجی ئەندامێتیی پەرلەمانیان تێدایە، جێگرەکەی و وەزیرەکان دیار دەکات.

چوارەم: سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێدراو لیستێك بەناوی ئەندامانی وەزارەتەکەی پێشکەش بە سەرۆکی هەرێم دەکات بۆ پەسندکردنی.

پێنجەم: دوای پەسندکردنی سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی وەزیرانی ڕاسپێردراو ئەندامانی وەزارەتەکەی پێشکەش بە پەرلەمان دەکات و داوای بڕواپێدانیان بۆ دەکات.

شەشەم: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکایەتیی دانیشتنەکانی ئەنجومەن دەکات، تەنیا لەو دانیشتنانەدا نەبێ کەسەرۆکی هەرێم ئامادەی دەبێت.

**ماددەی:١١٠**

سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دوای ئەوەی متمانەیان پێدەدری و بەر لەدەستبەکاربوونیان لە ئەرك و فەرمانەکانیان ئەم سوێندە دەستووریە لە بەردەم پەرلەمان دەخۆن:

PDF 4 KURD

(سوێند بەخودای مەزن دەخۆم، کەبەدڵسۆزیەوەیەکێتیی گەل و خاکی کوردستان–عێراق بپارێزم و ڕێزی دەستوور و یاسا رەچاوکراوەکان بگرم و بەرژوەندیەکانی گەل بە تەواوی لەبەرچاو بگرم).

**ماددەی:١١١**

لە پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا، ڕەچاوی نوێنەرایەتیەکی دادپەروەرانەی نەتەوەکانی هەرێم دەکرێت.

**ماددەی:١١٢**

وەزیرەکان لە بەردەم پەرلەمانی کوردستاندا هاوکاری دەستەبەرن سەبارەت بە بەرپرسێتیان لەو کاروبارانەی پەیوەستن بەئەنجومەنی وەزیرانەوە و هەر وەزیرێکیش بەتەنیا بەرپرسەلە کاری وەزارەتەکەی و هەر ئەویش بەرپرسیاری یەکەم و ڕاستەوخۆیەلێ.

**ماددەی:١١٣**

ئەنجومەنی وەزیران ئەم دەسەڵات و تایبەتمەندیانەی خوارەوە پیادە دەکات:

یەکەم: جێبەجێکردنی یاساو بڕیارو ڕێنماییەکان لەگەڵ پارێزگارییکردنی ئاسایشی هەرێم و سامانی گشتیی.

دووەم: بە بەشداریی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا، نەخشەی سیاسەتی گشتیی دادەنێ و جێبەجێی دەکات، دوای ڕەزامەندیی پەرلەمان لەسەر نەخشەکە.

سێیەم: ئامادەکردنی پرۆژەکانی پلانی پەرەپێدان و جێبەجێکردنیان، ئەویش دوای بڕیاردانی پەرلەمان لەسەر پرۆژەکان.

چوارەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ حکومەتی فیدراڵییدا، کێڵگەکانی نەوت و گازی دەرهێنراو لەخاکی کوردستان–عیراق و سوودلێوەرگیراو لەرووی بازرگانیەوە بەر لە /٢٠٠٥/٨ بەڕێوە دەبەن، بەمەرجێك دەرامەتەکەیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو بەپێی ئەو بنەما دیارکراوانەی لە ماددەی دەستووری فیدراڵدا هاتوون، دابەش بکرێن، ئەمەش بە یاسایەك ڕێك دەخرێت. پێوەری بەرهەمی بازرگانی بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم بڕگەیەش

دەرهێنانی (5000) پێنج هەزار بەرمیلەلەرۆژێکدا لەماوەی ١٢ دوازدەمانگی پێش ٢٠٠٥/٨/١٥ـەوە.

پێنجەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا نەخشەی رامیاریەستراتیژیەکانی پێویست بۆ پێشخستنی سامانی نەوت و گاز دەکێشێت، بەمەرجێك رەزامەندیی پەرلەمانی کوردستانی لەسەر بێت.

شەشەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان چی پێویست بکات بۆ ئەو کێڵگەنەوتانەی لێیان دەرنەهاتوون، یان لێیان دەرهاتوون و لە رووی بازرگانیەوەبەروبوومیان لێوەرنەگیراوە پێش ٢٠٠٥/٨/١٥، لە ئەستۆ دەگرێت، وەك کردارەکانی پرۆسەی دیتنەوەو دەرهێنان و بەرێوەبردن و دروستکردن و فرۆشتن و بازاڕدیتنەوە و ناردنەدەرەوەو شتەکانی دی لەئەستۆ دەگرێت. ئەمەش بەیاسایەك رێك دەخرێت. پێوەری بەرهەمی بازرگانیی بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم بڕگەیە (5000) بەرمیلە لە رۆژیکدا لەماوەی دوازدە(١٢) مانگی پێش رۆژی ٢٠٠٥/٨/١٥.

حەوتەم: هەموو ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە لە تایبەتمەندیە دیارکراوەکانی دەسەڵاتی فیدراڵدا نەهاتوون و بە ئەرکی جێبەجێکردنی تایبەت بە هەرێم دادەنرێن، بەپێی ماددەی ١١٠ی دەستووری فیدراڵ.

هەشتەم: ئەو دەسەڵاتەهاوبەشانەجێبەجێ دەکات کەلە نێوان دەسەڵاتەکانی فیدراڵ و دەسەڵاتەکانی هەرێمدان، بەپێی حوکمەکانی دەستووری فیدراڵیی.

نۆیەم: ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی گشتیی هەرێم.

دەیەم: ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پرۆژەکانی یاسا و بڕیارەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان–عێراق.

یانزدەم: دەرکردنی بڕیاری جێبەجێکردن و کارگێڕیی بەپێی یاساو رێنماییەکان.

دوازدەم: سەرپەرشتییکردنی کاری وەزارەت و دەزگاو شوێنەگشتییەکانی هەرێمی کوردستان و ئاڕاستەکردن و بەدواچوون و چاودێری و هەماهەنگیکردن لەنێوانیاندا.



PDF 4 KURD

سیازدەم: دامەزراندنی فەرمانبەران و بەرزکردنەوەی موچەکانیان ودەرکردن و لابردن و خانەنشینکردنیان، بەپێی یاسا بەشێوەیەك پێچەوانەی یاسای ئەنجومەنی راژەی شارستانیی لە هەرێمدا نەبێت.

چواردەم: پالاوتنی نوێنەرانی هەرێم لەدەستەفیدرالّییە سەربەخۆکان و فەرمانبەریە فیدرالّییەکاندا لەوانەی لەپلەی بەڕێوەبەری گشتیی و بەرەو ژوورن، بە رەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان– عێراق.

پانزدەم: دروستکردن و رێکخستنی هێزی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم.

**ماددەی:١١٤**

یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران لە یەکێك لەم حالّەتانەی خوارەوەدا بە دەستلەکارکێشایەوەدادەنرێت:

ڕ) دەستکێشانەوەی سەرۆکەکەی.

ب) پەرلەمانی کوردستان متمانە لە سەرۆکەکەی وەربگرێتەوە.

ج) دەسپێکردنی ویلایەتێکی نوێی پەرلەمانی کوردستان–عیراق.

د) دەستپێکردنی ویلایەتێکی نوێی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

ه) کۆچی دوایی سەرۆکی ئەنجومەن.

دووەم: وەزیر بە دەستکێشایەوە دادەنرێت ئەگەر پەرلەمانی کوردستان متمانەی لێوەربگرێتەوە.

سێیەم: ئەنجومەنی وەزیرانی دەست لەکارکێشایەوەبە ئەنجومەنێکی راییکردنی کارەکان دادەندرێت تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی نوێ دادەمەزرێت.

**ماددەی:١١٥**

یەکەم: چۆنیەتیی تۆمەتبارکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان و دادگاییکردنیان بە یاسایەك دیاریی دەکرێت.

دووەم:موچەو دەرمالّەی سەرۆکی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان بەیاسا دیاریی دەکرێت.

PDF 4 KURD

## سێیەم: دەسەڵاتی دادوەریی

## یەکەم: بنەما گشتییەکان

**ماددەی: ١١٦**

دادگا سەربەخۆیە و جگە لە یاسا هیچ دەسەڵاتێکی تری بەسەرەوە نییە.

**ماددەی: ١١٧**

دادگا ویلایەی گشتی هەیە لەسەر هەموو کەسەئاسایی و مەعنەوییەکانی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی: ١١٨**

حوکم و بڕیارەکانی دادگا بەناوی گەلەوە دەردەچێت و جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی: ١١٩**

دادوەر لانابرێت تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کەیاسا ڕێی پێدەدات.

**ماددەی: ١٢٠**

دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتیی ئەم کارانەی خوارەوەیان لێقەدەغەیە:

یەکەم: کۆکردنەوە لەنێوان فەرمانبەرێتی دادوەریی و فەرمانبەرێتی یاسادانان و جێبەجێکردن و هەر ئیشێکی دیکە.

دووەم: چوونەریزی پارتی سیاسیی یان ڕێکخراوێکی ڕامیاریی یان کارکردن لە هەر چالاکییەکی ڕامیاریانە.

**ماددەی: ١٢١**

دانیشتنی دادگاکان بەئاشکرا دەبێت، مەگەر دادگا لەبەر ڕێسای گشتیی یان ڕەوشت یان ڕێزی خێزان بڕیاری نهێنێتیی بدات، ئەویش بە مەرجێك خوێندنەوەی بڕیارەکە لە دانیشتنێکی ئاشکرادا بێت.

**ماددەی: ١٢٢**

دامەزراندنی دادگای تایبەت یان نائاسایی لە هەرێمدا قەدەغەیە.

**ماددەی: ١٢٣**

یاسا ئەو دادگا تایبەتمەندانەرێك دەخات کە تاوانەکانی شێوەسەربازیانەی کەسانێك دەبینێت سەر بە هێزی پێشمەرگەو ئاسایشی ناوخۆن، لەگەڵ ئەو

PDF 4 KURD

تاوانانەش کە لە نێوان تاکەکانی هێزی پێشمەرگە یان ئاسایشی ناوخۆدا ڕوو دەدەن.

**ماددەی:١٢٤**

یەکەم: نابێ حوکمە کەسینەکانی ئایینێك بە سەر شوێنکەوتوانی ئایینێکی دیکەدا بسەپێندرێت.

دووەم: بۆ شوێنکەوتوانی ئایینەکان و ئایینزا ناموسڵمانەکانی هەرێم، وەك مەسیحی و ئێزدی و هی دیکە هەیەکە ئەنجومەنە رووحانیەکانیان پێك بێنن و حوکمەکانی تایبەت بەباری کەسیی خۆیان پیادەبکەن کەبە یاسایەك دیار دەکرێن و لەلایەن دادگای مەوادی شەخسیی دەبیندرێن.

سێیەم: حوکمی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمدا پیادەدەکرێ سەبارەت بە باری کەسینەی ئەوانەی موسڵمان نین، تا ئەو کاتەی حوکمەکانی باری کەسایەتیی تایبەت بە خۆیان ڕێکدەخرێ.

**ماددەی:١٢٥**

نابێت دەقێك لەیاساکاندا دابندرێت کەڕێگا لەدادگا بگرێت بۆ بینینی ئەو داوایانەی لەو یاسایانەدا دێنەکایەوە.

**ماددەی:١٢٦**

نابێ دەقێك لە یاساکاندا هەبێت ڕێگەی توانجلێدان لە کارێك یان لە بڕیارێکی کارگێریی بگرێت.

**ماددەی:١٢٧**

یاسا بێلایەنیی کارگێڕیی دەستەبەر دەکات و سزای ئەو کەسەش دەدات کە ناحەقیی (تعسف) دەکات لە بەکارهێنانی دەسەڵاتدا.

**ماددەی:١٢٨**

هەر کەسێك زیانی لێبکەوێت لەئەنجامی ڕەفتاری، یان کاری یان گوێپێنەدانی کەسانێکی سەر بە دەزگاکانی هەرێم و دەستەحکومییەکان لە کـاتی پیادەکردنی کارەکانیاندا، بۆی هەیەداوای قەرەبووکردنەوەبکـات لەو لایەنانەی باسکران.

**ماددەی:١٢٩**

PDF 4 KURD

حوکمەکانی دادوەریی دەبێ جێبەجێ بکرێن، جێبەجێنەکردنی، یان پەکخستنی جێبەجێکردنی بەتاوان دادەندرێت و بەپێی یاسا سزا دەدرێت. ئەگەر تۆمەتباریش فەرمانبەری گشتی، یان ڕاسپێردراو بێت بە کارگوزاریەکی گشتی، ئەوا لەسەر کار لادەبرێت، سەرباری سزادانی و ئەوەی حوکمی بۆ دەدرێ ماڤی ئەوەی هەیەراستەوخۆ داوا لە دادگای تایبەتمەند بەرز کاتەوەو لەحاڵەتێکدا زەرەرمەند بێ حکومەت قەرەبووی تەواوی بۆ دەستەبەر دەکات.

## دووەم: ئەنجومەنی دادوەریی

**ماددەی:١٣٠**

دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمدا سەربەخۆیەو لە ئەنجومەنی دادوەریی و دادگای دەستووریی و دادگای پێداچوونەوەو ئەنجومەنی شووراو دەستەی سەرپەرشتیاری دادیی و دەزگای داواکاری گشتی و دادگاکان بە گشت پلەو جۆرو دەستەکانیانەوە پێك دێت، شێوازی پێکهێنان و مەرج و ڕێکارەکانی دامەزراندنی ئەندامانی و لێپرسینەوەیان بەپێی یاسا ڕێك دەخرێن.

**ماددەی:١٣١**

یەکەم: ئەنجومەنی دادوەریی لەسەرۆکی دادگای دەستووریی و یەکێك لەجێگرەکانی و سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەو یەکێك لەجێگرەکانی و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادیی و سەرۆکی داواکاری گشتی و سەرۆکی دادگای ناوچەکانی تێهەڵچوونەوە لە هەرێمدا پێك دێت.

دووەم: ئەنجومەنی دادوەریی بەڕێوەبردنی کاروباری دادوەریی و سەرپەرشتییکردنی دەستەکانی دادوەریی و دەستبەرکردنی سەربەخۆییەکەی بەپێی یاسا دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی:١٣٢**

یەکەم: دەسەڵاتی دادوەریی بودجەیەکی تایبەتی هەیە بە بودجەی هەرێمەوەدەلکێندری.

دووەم: ئەنجومەنی دادوەریی پرۆژەی بودجەی ساڵانەی دەسەڵاتی دادوەریی ئامادە دەکات و دەیخاتە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان–عێراق بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر بنوێنی، بەمەرجێك ژمارەی کۆتایی ئەو بودجەیە بخرێتەناو بودجەی ساڵانەی هەرێمەوە.

## سێیەم : دادگای دەستووریی

**ماددەی:١٣٣**

کوردستانی عێراق دادگایەکی باڵای هەیەبە ناوی (دادگای دەستووریی کوردستان) و بەپێی یاسا دادەمەزرێت.

**ماددەی:١٣٤**

یەکەم: دادگای دەستووریی کوردستان لەحەوت ئەندام پێك دێت بە سەرۆکەکەیەوە، هەڵدەبژێردرێن لەنێوان دادوەران و مامۆستایانی یاساو ئەو پارێزەرانەی لەمەیدانی دادوەریی و یاسادانان و دەرسوتنەوە یان پارێزەرایەتی کەبە کۆی بیست ساڵ ڕاژەیان هەبێت.

دووەم: هەڵبژاردنی ئەندامانی دادگای دەستووریی لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوەبە راوێژکردن لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوەئەنجام دەدرێت.

سێیەم: دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر پاڵێوراوەکان دەنوێنی، سەرۆکی هەرێم بەفەرمانێك ئەندامانی دادگا دادەمەزرێنێت.

**ماددەی:١٣٥**

سەرۆکی دادگا لە نێوان ئەندامەکانیەوە هەڵدەبژێردرێت.

**ماددەی:١٣٦**

سەرۆك و ئەندامانی دادگای دەستووریی و دادگای پێداچوونەوە سوێندی یاسایی لە بەردەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان– عێراق دەخۆن بەر لەدەستبەکاربوونیان لە فەرمانەکانیاندا، دادوەرانی دادگاکانی دیکەلە هەرێمدا سوێندی یاسایی لە بەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی دەخۆن.

**ماددەی:١٣٧**

PDF 4 KURD

دادگای دەستووریی ئەم دەسەڵاتەتایبەتیانەی خوارەوەی هەیە:

یەکەم: ڕاڤەکردنی دەقەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق.

دووەم:

أ- چاودێریکردنی بەدەستوورییبوونی یاساکان لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان یان ئەنجومەنی وەزیران یان زەرەرمەندی ڕاستەوخۆ.

ب – یەکلاکردنەوەی ڕەوایی پێرەو وبڕیارو ڕێنماییەکان لەسەر داوای ڕاستەوخۆوی زیانلێکەوتوو.

سێیەم: یەکلاکردنەوە لەداکۆکی لەو داوایەی خراوەتەبەردەم دادگا لەبەر دەستووریینەبوونی یاساو، یان ناڕەوایی بڕیار، پێرەو، یان ڕێنماییەکان. دەبێ دادگای بابەتەکە داوایەکە دوا بخات بۆ ئەو کاتەی ئەنجامی ئەو داکۆکیەیەکلادەکرێتەوە.

چوارەم:پەسندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنە گشتییەکان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

**ماددەی:١٣٨**

مەرجەکانی ئەندامێتی و بەڕێوەبردنی کارەکان و چۆنیەتی وەرگرتنی داواو داواکاریەکان بەپێی یاسا ڕێك دەخرێن.

**ماددەی:١٣٩**

حوکمەکانی دادگای دەستووریی بنبڕەو هەموو لایەك پابەند دەکات، ئەگەر دادگاش، لەکاتی یەکلاکردنەوەی بڕیاری بەدەستووریبوونی یاساکان، یان ڕەوایی پێڕەو و ڕێنمایی و بڕیارەکانیدا، کە یەکێك لەوانەپێچەوانەی دەستوور، یان یاسا بوو، پێویستە دەسەڵاتی پەیوەندیدار لە کوردستاندا لێی ئاگادار بکاتەوە، بۆ ئەوەی ڕێکاری پێویست بگرنەبەر بۆ لابردنی ئەو سەرپێچیەدەستوورییەیان بۆ ڕاستکردنەوەی.

## چوارەم: داواکاری گشتیی

PDF 4 KURD

**ماددەی:١٤٠**

داواکاری گشتی نوێنەرایەتی کۆمەڵ دەکات، و داوای گشتی بەناوی خۆیەوە دەگرێتە ئەستۆ بۆ بەرگرییکردن لەماف گشتی و هێنانەدی دادپەروەریی، وهەوڵی تەواوی دەخاتەکار بۆ پیادەکردنی یاساکانی سزایی و، سەرپەرشتیکردنی کاروباری بەرزەفتکاری دادوەری و چاودێریی پێشلکاریەکانی یاسایی و جێبەجێکردنی بڕیارو حوکم و سزاکان دەکات.

## پێنجەم: ئه نجومەنی شوورا

**ماددەی:١٤١**

ئەنجومەنی شوورا بەپێی یاسا دادەمەزرێ و تایبەتمەندە بە:

یەکەم: یەکلاکردنەوەی ئەو تانوتانەی تایبەتن بەڕێکارەکانی، تەمێکردن و بەرزەفتکاری و کێشەکانی راژەی فەرمانبەرێتیی پەیوەست بەکارمەندانی فەرمانگەحکومییەکان.

دووەم: یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ناکۆکی لەسەر تایبەتمەندی لەنێوان وەزارەتەکان و دامەزراو وفەرمانگەکانی حکومەت لە هەرێمدا، لەسەر داواکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

سێیەم: ئامادەکردن و داڕشتنی پرۆژەی یاساکانی هەرێم لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم یان ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتە تایبەتمەندەکان یان ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە وەزارەتەوەنییە.

چوارەم: رادەربڕین و راوێژپێدان لەو پرسەیاساییانەی لەلایەن وەزرارەت و لایەنەکانی پەیوەندیان بەوەزارەتەوە نییە، دەخرێنە بەردەمی، هەروەها یەکلاکردنەوەی جۆرەها کێشەلەنێوانیاندا، ئەگەر لایەنەکانی کێشەکە ئەنجومەنیان کردەناوبژیوان، ئەوکاتە ڕای ئەنجومەنیان لەسەر دەسەپێ و دەبێ پابەندبن پێیەوە.

## دەروازەی چوارەم

PDF 4 KURD

## کارگێڕیە خۆجێییەکان و ئە نجومەنە شارەوانیەکان

**ماددەی: ١٤٢**

دابەشکردنی کاگێڕییەکان لە هەرێمی کوردستاندا (پارێزگا، قەزا، ناحیە) و هێنانەکایەوەو گۆڕینی مەڵبەندەکانیان و دیارکردن و هەموارکردنی سنووریـــان و لێکترازان و لکاندنیان بە یەکەیەکی کـــــارگێڕیی دیکــەوە، بەپێی یاسا دەبێت.

**ماددەی: ١٤٣**

یەکەم: لە بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕیەکانی هەرێمی کوردستاندا (پارێزگا، قەزا، ناحیە) پشت بە بنەمای نامەرکەزیی کارگێڕیەوەدەبەسترێت و بۆ هەر یەکێکیان ئەنجومەنێکی خۆجێیی هەڵبژێردراوی لە هەڵبژاردنێکی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆوەدەبێت و شێوازی هەڵبژاردنی و دەسەڵات و ئەرك و فەرمانەکانی بە یاسایەك دیاریی دەکرێن.

دووەم: هەر یەکەیەکی کارگێڕیی ئەنجومەنێکی جێبەجێکردنی دەبێت و سەرۆکی یەکەی کارگێڕی سەرۆکایەتیی دەکات و بەیاسایەك چۆنیەتی پێکهێنان و دیارکردنی دەسەڵات و ئەرك و فەرمانەکانی و پەیوەندی بەئەنجومەنی خۆجێیی خودی یەکە کارگێڕیەکەو وەزارەت و دامەزراوەکانی ناوەندیی لە کوردستان دیاردەکرێت.

**ماددەی: ١٤٤**

سەنتەری هەر پارێزگایەك و قەزاو ناحیەیەك و هەر گوندێك کە ژمارەی دانیشتوانی لە(٣٠٠٠) سێ هەزار کەس پتر بێت، شارەوانییەکی دەبێت، ئەنجومەنێکی شارەوانی هەڵبژێردراو بەڕێوەی دەبات و خزمەتگوزاریەکانی گشتی پێشکەش بە هاوڵاتیانی دەکات، بەپێی یاسا.

**ماددەی: ١٤٥**

یەکەم: ئەنجومەنەکانی خۆجێی و شارەوانی کەسایەتی مەعنەویان دەبێ.

دووەم: هەر یەکەیەکی کارگێڕیی یان شارەوانی بودجەی سەربەخۆی دەبێ.

**ماددەی: ١٤٦**

PDF 4 KURD

لەدامەزراندنی ئەنجومەنەکانی خۆجێی و شارەوانی، نوێنەرایەتی دادپەروەرانەی نەتەوەکانی نێو یەکەکارگێڕییەکە، یان شارەوانییەکە لەبەر چاو دەگیرێ، ئەوەش بەپێی یاسایەك ڕێك دەخرێت.

## دەروازەی پێنجەم

## دەستەو کۆمیسیۆنە سەربەخۆکان

**ماددەی:١٤٧**

یەکەم: بە یاسایەك ئەمانەی خوارەوە دادەمەزرێن:

أ) دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی لە هەرێمی کوردستان.

ب) ئەنجومەنی راژەی شارستانی.

ج) دیوانی چاودێریی دارایی.

د) دەستەی گشتیی دەستپاکیی.

ه) کۆمیسیۆنی پاراستنی ماڤ گەل (ئەمبەدسمان).

و) کۆمیسیۆنی تایبەت بەماڤ کوردەفەیلیەکان.

ز) دەستەی گشتی بۆ سەلامەت و چاکی بەرهەمەخۆجێیی و هاوردەکان.

ح) دەستەی سەربەخۆی کوردستان بۆ ڕاگەیاندن و گەیاندن.

دووەم:

أ) بە یاسایەك ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی بۆ کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت.

ب) ئەرکی ئەنجومەن پێشکەشکردنی ڕاوێژە لە کاروبارەئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان– عێراق و ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی:١٤٨**

ئەو دەستەو کۆمیسیۆنانەی لەبڕگەی یەکەمی ماددەی ١٤٧ هاتوون، لەژێر چاودێریی پەرلەمانی کوردستاندا دەبن، بەپێی یاسا.

## دەروازەی شەشەم

PDF 4 KURD

## حوکمە داراییەکان

**ماددەی:١٤٩**

یەکەم: نابێت باجێك یان رەسمێك بسەپێندرێت، هەموار بکرێت، پووچەڵ بکرێتەوەیان کەسێکی لێببوردرێت، و کەسیش، بەیاسا نەبێت، داوای شتێکی دیکەی لەوەی سەپێندراوەلێناکرێت.

دووەم:خاوەن دەرامەتە نزمەکان لە باجدان دەبووردرێن بەشێوەیەك نزمترین راددەی دادپەروەرانەی بژێوییان بۆ دەستەبەر دەکات، ئەویش بەیاسایەك رێکدەخرێت.

**ماددەی:١٥٠**

داهاتی هەرێمی کوردستان پێکدێت لە:

یەکەم:دەسکەوتی باج و رەسم و کرێی خزمەتگوزاریی شوێنەگشتیەکان و داهاتی دەزگاو کۆمپانیاو بەرژەوەژندییە گشتییەکان لە هەرێمدا و ئەوەی وەردەگیرێت لەخەرجیی بەرێوەچوون و کۆکردنەوەی باج و رەسمە گومرگیەکان و شتی دیکە لە داهاتە فیدراڵیەکان لە هەرێمدا.

دووەم: دەسکەوتی وەبەرهێنانی دەرامەتەسروشتییەکان لە هەرێمدا.

سێیەم: بەخشینەکان و هیبەکان.

چوارەم: قەرزەناوخۆیی و دەرەکیەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان.

پێنجەم:پشکی هەرێم لەداهاتی سامانە نەوتی و غازی و رەسمەکانی گومرگ و دەرامەتەکانی دیکەی فیدراڵیی.

**ماددەی:١٥١**

ساڵی دارایی بە یاسایەك دیاریی دەکرێت.

**ماددەی:١٥٢**

یەکەم:لە هەموو ساڵێکی داراییدا یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان دادەنرێت کەداهات و خەرجیەخەملێنەرەکانی لەخۆ دەگرێت.

دووەم: پرۆژەی بودجەی ساڵی دارایی، پێش سی مانگ بەر لەکۆتاییهاتنی ساڵی دارایی پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان– عێراق دەکرێت.

PDF 4 KURD

سێیەم: لەبارەی دواکەتنی ئامادەکردن یان پێشکەشکردنی بودجەی هەرێم لەسەرەتای ساڵی داراییدا، لەبەر هەر هۆیەك بێت، حکومەتی هەرێم بۆ هەر مانگێك پشت بەخەرجکردنی ڕێژەی ١/١٢ی ئەو پشتەوانەی پەسندکراو دەبەستێت کەلەبودجەی ساڵی دارایی پێشوو بڕیاری لەسەر دراوە.

## دەروازەی حەوتەم

## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددە ١٥٣:**

نابێ سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی پەرلەمانی هەرێم یان ئەندام پەرلەمان یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان جێگرەکەی یان وەزیرو دادوەرو داواکارانی گشتی و جێگرەکانیان و خاوەن پلەتایبەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ئەوانەی پلەی ئەوانیشیان هەیە، هیچ شتێك لەسامانی گشتی لە هەرێمدا بکڕن، یان بەکرێ بگرن یان بەکرێ بدەن بەدەزگاکانی هەرێم، شتێك لەسامانی خۆیان پێیان بفرۆشن، یان ڕێککەوتنێکی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ گرێبەست بکەن وەك پابەند، هێنەر، یان بەڵێندەر.

**ماددەی ١٥٤:**

کار بە هیچ دەقێکی دەستووریی یا یاسایەکی فیدراڵیی ناکرێت کە لەدەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق و لە دەرەوەی تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتە فیدراڵیەکاندان، کەم بکاتەوە، تەنیا بە ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان و ڕەزامەندیی گەلی هەرێمی کوردستان لە ڕاپرسییەکی گشتیدا و زۆرینەی دەنگدەران دەنگی بۆ بدەن.

**ماددەی ١٥٥:**

یەکەم:ئەو زەویانەی لە هەرێمی کوردستاندا یەکلاکردنەوە(تسوية)یان تەواو نەبووە یان ئەوانەی کەبڕیاری یەکلاکردنەوەیان پلەی کۆتایی بەدەست نەهێناوە لە هەرێمی کوردستاندا، حوکمی ماددەی دوانزەی یاسای چاککردنی کشتوکاڵی

PDF 4 KURD

ژمارەی ساڵی ١٩٧٠ دەیانگرێتەوەوجێبەجێکردنی بڕیاری ماددەی هەشت لە یاسای ژمارەی ساڵی ١٩٧٥ ڕادەگیرێت.

دووەم:دادگاکان تایبەتمەند دەبن بەسەیرکردنی داوای قەرەبووکردنەوەی مافی ئەو زەویانەی پێشتر لەلایەن حکومەتەوەبەمەبەستی سوودی گشتیی دەستیان بەسەرداگیراوەو بڕیارەکانی بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە دەیان گرێتەوە، ئەوانەی هێشتا ئەو مافانەی بەسەریانەوەهەن لەلایەن لێژنە تایبەتمەندەکانەوە نەچەسپێندراون.

**ماددەی:١٥٦**

دادگای پێداچوونەوە"تەمییز"ی هەرێمی کوردستان جگە لەتایبەتمەندییە ئاساییەکانی خۆی، دەقەکانی ئەم دەستوورە لێکدەداتەوەو بڕیار دەدات لەسەر نادەستووریی یاساو ڕێنماییەکان لەو داوایانەی خراونەتەبەردەم دادوەریی، تا ئەوکاتەی دادگای دەستووریی لە کوردستاندا دادەمەزرێت.

**ماددەی١٥٧:**

یاساکان لەڕۆژنامەی فەرمی هەرێمی کوردستان- عێراق "وەقائعی کوردستان" بڵاودەکرێنەوەو لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیان کاریان پێدەکرێت، مەگەر دەقێك هەبێت پێچەوانەی ئەوە بێت.

**ماددەی ١٥٨:**

ئەو دەستوورە دوای ڕەزامەندیی زۆرینەی دەنگدەرانی گەلی کوردستان- عێراق لەسەری، لەڕاپرسییەکی گشتیدا بەپەسەندکراو دادەندرێت.

**ماددەی ١٥٩:**

یەکەم: سەرۆکی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران پێکەوەیان نیوەی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پێشنیازی هەموارکردن لەم دەستوورەدا بکەن، بەمەرجێك هەموارکردنەکەدەست لە سیستەمی کۆماریی، پەرلەمانیی دیموکراتی هەرێم و یەکێتیی خاکی هەرێم نەدات.

دووەم: پەرلەمانی کوردستان – عێراق بۆی هەیەبە ڕێژەی دوو لەسەر سێی (٣/٢) ژمارەی ئەندامانی بڕیار لەسەر پێشنیازەکە بدات.

سێیەم: ڕاپرسی مافێکی ڕەوای هاوڵاتیانی کوردستانەو لە ٪ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان لە هەرێمدا هەیە دەتوانن داوای ڕاپرسی بۆ بابەتێکی دیارکراو بکەن، بە مەرجێك بە یاسا ڕێکبخرێت و ئەنجام بدرێت.

چوارەم: دوای تێپەڕبوونی شەست ڕۆژ بەسەر ڕەزامەندیی گەلی هەرێمی کوردستان لەسەر هەموارکردنەکە لەڕاپرسییەکی گشتییدا و بەزۆرینەی دەنگی دەنگدەران، هەموارکردنەکە کارا دەبێت.

**ماددەی ١٦٠:**

ئەم دەستوورەبەکارا دادەندرێت لەدوای تێپەڕبوونی شەست (٦٠) رۆژ لەرۆژی پەسەندکردنیەوە لە ڕاپرسییە گشتییەکەدا و سەرۆکی هەرێم لە ماوەی دە(١٠) ڕۆژ لەدوای پەسەندکردنیەوە لە راپرسینەکە، ئەم دەستووره لەڕۆژنامەی فەرمیی (وەقائعی کوردستان) بڵاودەکاتەوە.



PDF 4 KURD